
# کوردو ئاغاکانی

## هەڵسەنگاندێک بۆ دۆخەکە لەباکووری عێراق



وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی

سلێمانی ٢٠٢٢

## خوێنەری ئازیز:

ئەم بابەتە توێژینەوەیەکە کە لەلایەن نووسەری ئەمریکی(دکتۆر ستیڤن سی پیلاتیر DR. STEPHEN C. PELLETIERE) شرۆڤەکاری کاروباری ئاسایشی نیشتیمانییە لە پەیمانگای توێژینەوە ستراتیژییەکان لەکۆلێژی جەنگی سوپای ئەمریکا و لە مانگی سێپتەمبەری ١٩٩١دا نووسراوە، ئەو کاتەی کە سەرکردەکانی کوردی عێراق لەپاش شکستی راپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩١و کۆڕەوەکەی بەهاری ئەو ساڵە، گەڕابوونەوە بەغدا بۆ دانوستان لەگەڵ رژێمەکەی سەدام حسێن. توێژینەوەکە نە رای دەزگا سیاسییەکانی ئیدارەی ئەمریکییەو نە گوزارش لە رای وەزارەتی جەنگی ئەمریکی دەکات، بەڵکو تەنیا رای نووسەر خۆیەتی و وەک راپۆرتێک پێشەکەشی ئەفسەرانی سوپا کراوە کە لەپرۆسەی (دابینکردنی ناوچەی ئارام/پرۆڤاید کەمفۆرت) لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بەشداربوون. توێژینەوەکە رانانێکی مێژووییە بۆ شیکردنەوەی رەوشی جوڵانەوەی چەکداری لەباشووری کوردستان و زیاتر پشت بە ئەزمونی نووسەر خۆی دەبەستێت، ئەو بە دیدێکی پەرۆش بۆ سوپاو لایەنگریی بۆ وڵاتەکەی خۆی نەک بۆ کورد نووسیویەتی، هەربۆیە رەخنەو لێکدانەوە جیاوازیش هەڵدەگرێت. هێشتا وێڕای هەموو ئەوانەش، بەهۆی دیدو شارەزایی سەربازیی و لێکدانەوەی بونیادیی کۆمەڵایەتیی جوڵانەوەکە چەندین تێبینی وردو خوێندنەوەو پێشنبینی ئایندەیی پێشکەشکردووە کە بۆ هەر خوێنەرێکی کوردو بایەخدار بەمێژووی جوڵانەوەی کوردستان، مایەی سەرنجە، بەشێوەیەک کە ئەگەر لەکاتی خۆیدا ئەم توێژینەوەیە لەبەردەستدا بووایە، دەکرا بایەخدارانی رووداوەکانی پاش راپەڕینی کوردستان، بە تێروانین و شارەزاییەکی زیاترەوە رووداوەکانیان بخوێندایەتەوە. ویڕای ئەوەش هێشتا ئەم توێژینەوەیە لەو بوارەدا پێگەو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ تیشکخستنە سەر رووداوەکانی پێشووی باشووری کوردستان بەتایبەتی و کورد بەگشتی لە ئەوسا و ئێستادا.

پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی

١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## کوردو ئاغاکانی

## هەڵسەنگاندێک بۆ دۆخەکە لەباکووری عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە کورد، هەوڵدەدات پێشانیبدات کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەڕێگەی تێوەگلانەوە لەگەڵ ئەم گەلەدا، ریسک و سەرەڕۆییەکی مەزن ئەنجام دەدات، ئەو کەسانەی کە سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بەم بابەتە ئاراستە دەکەن، پێدەچێت لەبارەی سروشتی کۆمەڵگای کوردییەوە بەهەڵەداچووبن و لێرەشەوەیە کە لەوانەیە دۆخەکە بۆخۆی مەترسییدار بێت.

کوردان مایل بە توندوتیژیین،[1] تەنیا دەستێکی بەهێز دەتوانێت گیانی سەرکێش و کێویلەییان جڵەوبکات و ئێستاکە چ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بەرپرسیار نییە کە ئاراستەیان بکات. ئەو سەرکردانەی ئەوانە هەیانە بەگشتیی میرو دەرەبەگن کە ئاغایان پێ دەوترێت.[2] ئەوانە لەبنەڕەتدا گرنگی بە قاچاخچێتیی و ئیستیغلالکردنی رەنجبەرەو مسکێنەکان[3]، کە جووتیارانی بێ زەوین، بۆ قازانجی خۆیان دەدەن.

ئێستاکە ئاغاکان لەهەوڵی ئەوەدان خۆیان بە بەرژەوەندییەکانی سوپای ئەمریکییەوە ببەستنەوە، بەو هیوایەی کە بوونی ئەمریکییەکان، یان هەڕەشە بەوە، دەرگای ناوچەکە بۆ کردەوەو کارە نایاساییەکانیان بخاتەسەر گازی پشت. ئەگەر لەوبارەیەوە بێهیوا بن، پێدەچێت هاوکارییەکانیان لەگەڵمان بوەستێنن، یاخود لەوەش خراپتر لێمان ببنە دوژمن.

لەپاڵ ئاغاکانیشدا، توێژێکی دیکەی سەرکردەی سیاسی هاوشێوەی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی هەن، کاریگەریی ئەم تاقمەی دوایی لەلایەن بڕیارسازانی ئەمریکاوە زێدەڕۆیی تێدا کراوە، تەنانەت زێدەڕۆییەکی زیاتریش لەلایەن میدیاوە کراوە، کە ئەوانە وەک پیاوانی

گەل وێنادەکات. لەراستییدا، ئەوانە هەرچییەک بن ماوەیەکی زۆر کاریگەریی خۆیان لەدەستداوە.

لەماوەی پێشوودا، جوڵانەوەیەکی سیاسی چالاک لەنێو کورددا هەبوو کە هەوڵی ئەنجامدانی ریفۆرمی زەوی لەناوچە کوردییەکەدا دەدا، ئەم جوڵانەوەیە لەناوەڕاستی ١٩٦٠کاندا کۆتاییهات، مەلامستەفای باوکی مەسعود بارزانی، ئەم جوڵانەوەی بەوە کوشت کە رادەستی ئاغاکانی کرد.

ئەمڕۆ جوڵانەوەکە، لەسەر ئەو هاوکارییە دەژی کە لەو بەرژەوەندییانەوە دێن کە هەوڵدەدات بۆ رووخاندنی سەرکردایەتییەکەی ئێستاکەی عێراق. لەراستییدا سەرکردەکانی ئێستای جوڵانەوەکە وەک ئەمین سندوقێک وان لەنێوان بێگانەکان و جەنگاوەرانی کورددا، کە پێیان دەوترێت "پێشمەرگە"[4].

توێژینەوەکە بەهەڵسەنگاندنی ئەم دانوستاندنەی ئێستاکەی نێوان بارزانی و تاڵەبانی لەگەڵ سەدام حسێن کۆتایی دێت، هەروەها لەسەر بنەمای ئەوەی کە تاوەکو ئێستا ئاشکرا بووە، هۆشداریی دەدات کە سوپای ئەمریکا تاوەکو چ ماوەیەک لەئاییندەدا لەپەیوەندی بەکوردانەوە تێوەبگلێت.

# پێشەکی

کوردان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەوە ناسراون کە کارەکتەرێکی سەرکێش و جڵەونەکراویان هەیەو بێزارکەرێکی دێرینن بۆ ئاشتی و هیچ متمانەی ئەوەیان نییە مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت. ئەوان لەسێ بۆنەی جیاوازی پاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە، بوونەتە هۆی خولقاندنی کێشەو پشێویی لەناوچەکەدا، کە یەکێک لەوانە هەڕەشەی لەسەر سەقامگیریی جیهان کردووە. [5]

هێشتا کەسانێکی نێو ئیدارەی ئەمریکی و کۆنگرس وەک قوربانییەک وێنایان دەکەن، ئەوەش پلەبەندییەکی سەیرە بۆ خەڵکانێک کە پێدەچێت لەنێو مەزنترین تاوانکاریی مێژوودا بن. کوردان بەفەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید لەکۆتایی سەدەی ١٩دا، ئەرمەنییەکانیان سەربڕی.[6] هەروەها لەساڵانی ١٩٢٠کانیشدا، ئاسورییە مەسیحییەکانیان کۆمەڵکوژکرد.[7] تۆمارەکانیان کە تایبەتە بەسەدەکانی پێشوو، پڕە لەم تاوان و نارەوایەتییانە.

دەبێت لەوەش دڵنیابین کە کوردان هەمیشە دەستدرێژکارنەبوون، بەڵکو بۆ چەندین جار دەستدرێژییان کراوەتەسەرو پەلاماردراون، بەشێوەیەکی بنەڕەتیی لەلایەن گریگ[8] و مەغۆل و تورکەکان و هەروەها فارسەکانیشەوەو بەو دواییە عەرەبەکانیش. هەرچەندە، بەگشتی توانیویانە بەرپەرچی ئەو پەلامارانە بدەنەوە، بەزۆریش لەڕێگەی لێهاتوویی و شارەزایی تایبەت بەخۆیانەوە.

ئنجا ئێستاکە بۆچی ئەم خەڵکەی – کەبۆماوەی چەندین ساڵ سەلماندوویانە توندو راوەستاون- واتێدەگەن ئێستاکە کە ئەوان پێویستیان بە پاراستنی نێودەوڵەتییە؟ هەروەها بۆچی ئەو چارەسەرەی کە ئێستاکە جەختی لێدەکرێتەوە بۆئەوان شتێکە مایەی جێبەجێکردن نییە؟ پێدەچێت بریتانییەکان مانۆڕێک بەرەو دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردیی لەباکووری عێراق بکەن،[9] رێگەیەک کە

پێدەچێت باوەڕیان پێی بێت، تاوەکو کوردان لەچنگی دوژمنەکەیان کە بەعسییەکانە، بەدووربگرن.[10]

قەوارەیەکی بەم چەشنە دەبێت لەلایەن کوردانەوە بەڕێوەببرێت، کە ئەوەش کارێکی مەحاڵە. ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییەی کە وایکردووە کوردان بتوانن بۆ چەندین سەدە بمێننەوە، وادەکات بەدڵنیاییەوە کە نەتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن. کوردان وەک گرووپێک ناتوانرێت حوکم بکرێن تەنانەت لەلایەن ئەو سەرکردانەشەوە کە خۆیان دیارییانکردوون. هەموو ئەم ورووژاندنانەی ئێستاکە بۆ "دەوڵەتداریی" کوردیی دەکرێت، دەبێت وا ببینرێت کە لە ناحاڵیبوونەوەیەو بەئاراستەیەکی هەڵەدا دەڕوات.

ئەم توێژینەوەیە، گریمانەی ئەوە دەکات کە ئەم جۆرە دیدو ڕا هەڵانە پێویستە ڕاست بکرێنەوە. ئەگەر بمانەوێت خۆمان لە تێوەگلانی مەترسییداری داهاتوو بپارێزین و بەو هیوایەی لەم تێوەگلانەی ئێستاکە جیابکەینەوە. موخاتەبی ئەم توێژینەوەیە سوپای ئەمریکایە کە ئێستا لەگەڵ کورداندا تێوەگلاوە و فرە پێویستی بە ئامۆژگاریی و ڕاوێژە. ئەم توێژینەوەیە بەوهۆیەی کە دیدێکی سەربازییانەیە، بەهیچ شێوەیەک سەبارەت بە ڕووەکانی مافی مرۆڤ لەئاست بابەتەکە دەرگیرنییە. ئێمە تەنیا جەخت لە مەسەلە ئەمنییەکانی بابەتەکە دەکەینەوە، بۆنموونە: لەبەشی دواتردا ئێمە باس لەکارەکانی مەلامستەفا جەلال تاڵەبانی دەکەین، ئەو دوو پیاوەی زیاتر لە هەرکەسانێکی دیکە، جەنگی کوردیان لەدژی بەعس ڕێبەرایەتیی کردووە. ئەوان تاکتیکی جوڵانەوەکەیان هێناوتەئاراو هەر ئەوانیش ئامانجەکەیان دیارییکردووە کە جوڵانەوەکە خواستی بەدیهێنانی هەبووە.

لەبەشی سێیەمدا، قسە لەبارەی ئاغاکانەوە دەکەین، ئەوانەی وەک ئێمە بڕوامان پێیەتی، هێزی ڕاستەقینەن لەنێو کورداندا. ئێمە مشتومڕ لەسەر پایەی دەسەڵاتی ئاغاکان دەکەین، هەروەها هەڵوێستیان لەمەڕ حکومەتی ناوەندیی و هەروەها لەهەمبەر ریفۆرمی زەویش.

بەگوێرەی دیدی ئێمە، ئەوەی دواییان گرفتە بایەخدارەکەیە کە کاریگەریی لەکۆمەڵگای کوردیی هەیە.

پاشان، ئێمە مشتومڕ لەسەر دوا راپەڕین دەکەین کە لەپاش داگیرکردنی کوەیتەوە سەریهەڵدا، ئەم ئەڵقەیە بەشێوەیەکی خراپ لەلایەن میدیاوە، هەواڵی لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە، ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە کارێکی سەختە لەپاش چەند مانگێک ئەوە وێنابکرێت کە بەراستی روویداوە. هێشتا ئەو شتێکی بنەڕەتییە کە تێگەیشتنمان هەبێت، هێندەی ئەوەی تیشکێکی گەورە دەخاتە سەر چارەسەری کێشەی کورد.

بەشێ پێنجەم باس لەو دانوستانە دەکات کە ئێستاکە لەنێوان سەرکردە سیاسییەکانی کوردو حکومەتی سەدام حسێندایە. ئەگەر هەواڵی راپەڕینە چەکدارییەکە بەشێوەیەکی خراپ رووماڵ کرابێت، ئەوە بەسەرکردنەوەی میدیایی بۆ دانوستانەکان خراپتر بووە. میدیا بەشێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ دانوستان و گفتوگۆکان کردووە وەک ئەوەی ئەنجامێکی نەبێت، هەروەها هەڵوێستێکی ئەوتۆی لەئاست گرتۆتەبەر وەک ئەوەی لەوانەبێت نەگاتە هیچ ئاکامێک. بەپێچەوانەوە، دانوستانەکان بەشێوەیەکی جددیی بەڕێوەدەچێت و ئەگەری هەر ئەنجامێکیش هەیە.

پاش ئەوە، هەڵدەسین بەهەڵسەنگاندنی رەوشە گشتییەکەی کوردان، بڕوامان وایە کە جوڵانەوەی "نیشتمانیی"کوردیی گەیشتۆتە بنبەست، ئەگەر بەفیعلی لەحاڵەتی گیانەڵادا نەبێت. ئێمە ئەوە رووندەکەینەوە کە ئاکامەکانی ئەمە بۆ سیاسەتی ئەمریکا چۆن دەبێت.

دواجار، باس لە دەستتێوەردان و تێوەگلانی ئایندەیی ئەمریکا و هەروەها کوردان دەکەین، لێرەدا چەند پێشنیارێکی تایبەت دەکەین بۆئەوەی کام رێگە باشترە بگیرێتەبەر.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، پشتم بەو ئەزمونە درێژەی خۆم لەگەڵ کورد بەستووە. من یەکێک بووم لەو رۆژنامەوانانەی کە لەساڵانی ١٩٦٠کاندا سەردانی کوردستانم کرد بۆ دیدار لەگەڵ

مەلامستەفا بارزانیدا، ئەو گەشتەی کە لەو کاتەوە چەندین رۆژنامەنووس ئەنجامیاندا. [11] لەبەرئەوە، من یەکەمینی ئەوانە بووم کە توێژنەوەم لەجوڵانەوەکەدا کردووە، بۆیە هەستدەکەم کە من ئاسۆی دیدێکی فراوانترم سەبارەت بە جوڵانەوەکە هەیە، زێدەتر لەزۆربەی ئەو پەیامنێرانەی کە ئەمڕۆکە هەن. من زۆر لەمێژە پرسیارم لەبارەوە کردووە. لەئەنجامدا من پشتم بەشارەزایی شەخسیی بەستووە وەک زەڕەبین و زوومی کامێرایەک تا رووداوەکانی ئەو دواییەی لێوە پوختبکرێتەوە. راپۆرتە هەواڵەکان تاکو ئەو رادەیە سوودبەخشن کە بنەمایەکی واقیعی بۆ لێکدانەوە فەراهەم دەکەن، هەروەها سەرچاوە رێکخراوە تۆمارکراوەکانیش فاکتی زێدەتریان خستەبەردەست، وێڕای هەندێک شرۆڤەکاریی سیاسی سوودبەخش.

دواجار لەم توێژینەوەیەدا، بەشێوەیەکی ورد لەگەڵ جوڵانەوەکەدا لەعێراق مامەڵە دەکەم، گروپێکی چالاکی کوردیی هەبوون کە بۆ مافەکانی کورد لەئێران هەڵدەسوڕان، بەڵام لەلایەن مەسعود بارزانی و پاسدارانی شۆڕشی ئێرانەوە لەسەرەتای هەشتاکاندا، تێکشکێنران (بڕوانە خوارەوە). پارتێکی کوردیی تورکییش هەبوو کە لەوپێناوەدا خەباتیان دەکرد، هەرچەندە، ئەم پارتە بچووکەو بەشێوەیەکی رەها بێکاریگەرە. بەهەرحاڵ، سوپای ئەمریکا، بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ کوردی عێراق مامەڵە دەکات، هەربۆیە ئەوە راستە کە سەرنجەکە لەسەر ئەوان چڕبکرێتەوە.




Figure 1. Traditional Kurdistan Area.



## پێشینەی جوڵانەوەکە

یەکێک  لە تاکە رووداوەکانی مێژووی نوێی کورد بریتیبوو لە دەرکەوتنی مەلا مستەفا وەک بەرهەڵستکارێک بۆ حکومەتی عێراق لەپاش دووەمین جەنگی جیهانیی. ئەم سەرۆکە جەنگاوەرە بەئەزمونە بەتاقی تەنیا لەرێگەی دیدارو چاوپێکەوتنەوە لەگەڵ رۆژنامەوان و پەیامنێرە رۆژئاواییەکان، کێشەی کوردی بۆ روونەکردنەوە.

لەهەمان کاتدا، ئەو زۆر بەشێوەیەکی سەیر سەبارەت بەخودی خۆی بە دەمداخراویی مابۆوە. لەئاکامی ئەوەش، زانیارییەکی زۆر متمانەپێکراو سەبارەت بەو نییە. ئێمە دەزانین کە ئەو ئاغایەک بوو، وەک زۆربەی ئەوانەی دیکە دەیانویست دەوڵەمەندبن. عەشیرەتەکەی مەلامستەفا، بارزانییەکان، بچووک بوو، هەروەها لەبنەڕەتدا لەناوچەیەکی فرە سەختی رووتەڵ لەکوردستاندا دەژیان. بارزانی سەرۆک عەشیرەت بوو ، لەبەرئەوە: ئاغا بوو. [12]

ئێمە جەخت لەکارەکتەری عەشیرەتی بارزانی دەکەینەوە، لەبەرئەوەی کە دواتر مەبەستمانە پەرە بەوە بدەین، ئەوەی کە مەسەلەیەکی جەوهەرییە لە تێگەیشتنی جوڵانەوەکەدا. جوڵانەوەی کوردیی، لەئاکامی دژوارییە نێوخۆییەکاندان کە زادەی پێکدادانی بیروباوەڕی کۆن و نوێ بوو، تووشی نەهامەتیی و کارەساتی گەورە هات. بەدڵنیاییەوە بارزانی لە سەنگەرە کۆنەخوازەکەدا بوو.

عەشیرەتی بارزانی، لەسەرەتای سەدەی ١٩داو لەئەنجامی ململانێ و رکابەرییەکی ئاینیی هاتەئارا. شێخێکی خۆجێ، وەک سۆفییەکی زاهید خۆی سەپاند. پاشان ژمارەیەکی زۆری لەکوردانی راکێشایە ژێر نفوزو دەسەڵاتی خۆیەوە، بەوەش دەروازەی تەریقەتەکەی لەبەردەم عەشیرەتدا کردەوە. [13]

لەگەڵ گەشەکردنی عەشیرەتەکەیدا، بەشێکی گەورەو گەورەتری لەزەوی هەڵلوشی، ئەمەش ئیرەیی دراوسێ بەهێزەکانی ورووژان.


دواجار لەپێناوی مانەوەدا، ناچاربوو لەگەڵ ئەم دەرو دراوسێیانە بجەنگێت، ئەوانەی لەکۆتاییدا بەرەو دوورخراوەیی دەریانپەڕاند. بەم چەشنە بارزانییەکان بەکۆمەڵ عێراقیان بەرەو ئێران جێهیشت.

ئەمە راستییەکی دیکەیە کە دەبێت جەختی لێبکرێتەوە، ئەوەش ئەوەیە کە عەشیرەتی بارزانی زەوییەکانیان لێ داماڵرا. دواتر دەبینین کە زۆربەی چالاکی ئەم عەشیرەتە بۆ ئەوەیە کە هەوڵی گێڕانەوەی ئەم زەوییانە بداتەوە. تەنانەت ئەمڕۆش، ئەگەر بمانەوێت پێشبینی ئەوە بکەین کە بارزانییەکان چیدەکەن، تەنیا پێویستە بپرسین، ئەو قەیرانەی کە ئەوانی تێوەگلاون چەندە پەیوەندیی بە زەوییەوە هەیە؟

بەگشتی، ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین، کە عەشیرەتەکە لەکاتێکدا لەزەوی داماڵراوە، دەبێت پەرتەوازەبووایە، بەگوێرەی زانستیش دەبێت وابێت، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک هەلومەرجی لەناکاوەوە، کاتێک بارزانییەکان لەساڵی ١٩٤٥دا عێراقیان جێهێشت، راستەوخۆ چوونە ئێران کە لەو کاتەدا بەهەلومەرجێکی زۆر نائاساییدا تێدەپەڕی.

سۆڤێتیەکان نیوەی باکووری وڵاتەکەیان لەماوەی دووهەمین جەنگی جیهانیدا، داگیرکرد. لەسایەی ئەو داگیرکارییەدا، دوو کۆماری لەئێران دابڕاو دامەزرێنرا. یەکێک لەوانە کە بە "کۆماری مەهاباد" ناودەبرێت، لەکوردەکانی ئێران پێکدەهات. [14]بارزانییەکان، بەم قەوارەیەوە پەیوەستبوون و لەدژی هەوڵەکانی شای ئێران بۆ گێڕانەوەی ناوچەکە، بەرگرییانکرد. [15]

بەهۆی ئەو فشارە بەهێزەی لەلایەن ئەمریکاوە کرا، دواجار سۆڤێتییەکان پاڵپشتیی خۆیان لەکۆمارەکەی مەهاباد کشاندەوە، ئەوەی بووەهۆی رووخاندنی.[16] ژمارەیەک لەسەرکردەکانی کۆمارەکە لەلایەن هێزەکانی شاوە لەسێدارەدران. هەرچەندە کە مەلا مستەفا رەتیکردەوە کە چەک دابنێت، هەروەها سەرکردەیی چەند سەد کەسێکی لەپیاوەکانی عەشیرەتەکەی کردو بەرەو یەکێتی سۆڤێت ملی رێگەی گرتەبەر، گەشتێکی چەند سەد کیلۆمەتریی کە لەماوەی چەند رۆژێک ئەنجامیدا. [17]





بارزانییەکان بۆ ماوەی، ۱۱ ساڵ لەروسیا مانەوە، مەلامستەفا لەسوپای روسیادا ژێنراڵ بوو، پیاوەکانی لەقوتابخانەکانی روسیادا دەیانخوێندو ژمارەیەکیشیان ژنی روسییان هێنا.[18] ئەوان چ هەنگاوێکیان بۆ نیشتەجێبوونی هەمیشەیی نەهاویشت، لەساڵی ۱۹۵۸دا، هەموویان، تەنیا کەمیکیان نەبێت، رایانگەیاند کە خوازیارن بۆ عێراق بگەڕێنەوە.

لەساڵی ۱۹۵۸دا، بارودۆخەکە بەنێو گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانەدا تێپەڕی، مەلیک فەیسەڵی فەرمانڕەوای وڵاتەکە، بەهۆی کودەتایەکەوە، سەرنگونکراو دواتریش، وێڕای ژمارەیەک لەوەزیرەکانی، کوژران. عەبدولکەریم قاسمی رابەری کودەتاکە، پاش ئەوەی کە لەسەرەتادا باوەشی بە دۆزی ناسیونالیزمی عەرەبییدا کردبوو، بەرەو چەپ بایدایەوە، هەتا دواتر حیزبی شیوعی بووە پاڵپشتیکاری سەرەکی.[19] هەڵوێستی چەپگەرایانەی قاسم دوژمنایەتیەکی توندی سیاسییە قەومییەکانی عەرەبی لەعێراقدا لێکەوتەوە. ئەوانەی پیلانیان لەدژی قاسم گێڕا، بەوەش قاسم پێشوازیی لەداوای بەرزانییەکان کرد کە بۆ نیشتیمان بگەڕێنەوە. ئەو، وێڕای شوعییەکانن ئەوانی بە هاوپەیمانی خۆی دەبینی. ئەوە نازانرێت کە ئاخۆ سۆڤییەتییەکان هانی بڕیاری بارزانییەکانیان دابوو کە بگەڕێنەوە، بەڵام هەنگاوی دواجار بە قازانجی سۆڤێت گەڕایەوەو پاش ئەمە قاسم لە سۆڤیتییەکان نزیکبۆوە.

لەساڵی ۱۹٦۳دا، بەعسییە عیراقییەکان قاسمیان رووخاند، پاش ئەوە لەیەکێک لەخوێناوییترین پرۆسەکانی پاکسازییدا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شیوعییەکانیان قەتلوعامکرد.تۆڵەکردنەوەی خۆیان لەبارزانییەکان سەلمێنرا کە هێندە ئاسان نەبوو، چونکە ئەوان لەناوچە سەختەکەی زێدی عەشیرەتەکەیاندا خۆیان قایمکردبوو. بارزانییەکان لەدژی بەعسییەکان خۆڕاگرییان کرد، هەروەها پاش ئەوەی لەدوای ۹ مانگ بەعسییەکان لەلایەن ژێنراڵ عەبدولسەلام عارفەوە رووخێنران، ئەویش ویستی بارزانییەکان سەرکو بکات، عەشیرەتی بارزانی بە باشی دژی ئەم پەلامارەش خۆڕاگرییان کرد.






دواجار لەساڵی ١٩٦٨دا، بەعسییەکان لەڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە دەسەڵاتیان گرتەوەدەست. کەسایەتی سەرەکیی دووەمین دەورەی حکومەتداری بەعسییەکان بریتیبوو لە سەدام حسێن، ئەو دەسەڵاتەی کە لەپشتی سەرۆکی بەعس :ئەحمەد حەسەن بەکرەوە بوو. سوپای عێراق لەژێر فەرماندەیی بەکردا، شەڕی تۆڵەو کۆنەقینی خۆیان دژی بارزانییەکان دەستپێکردەوە.

بەعسییەکان بۆماوەی چەندین مانگ لەبارزانییەکانیان دا بۆئەوەی ملکەچیان بکەن، بەڵام بێهودەبوو. دواجار سەدام لەناکاریی سوپاکەی بێزاربوو، تاک لایەنە وەستاندنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی راگەیاندو داوای گفتوگۆی لەبارزانییەکان کرد. گفتوگۆکانی ئاشتی، رێکەوتننامەی ساڵی ١٩٧٠ی لێکەوتەوە، کە بەگوێرەی ئەم ریکەوتننامەیە، هەرێمی باکووری عێراق وەک ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم راگەیەندرا کە کوردان تێیدا مافی خۆبەڕێوەبەرییان هەبێت.

ئەگەر رێکەوتنی ئۆتۆنۆمی جێبەجێبکرایە، ئەو کات کۆمەڵگای کوردیی بەشێوەیەکی ریشەیی دەگۆڕا. ریکەوتنەکەی بەندێکی لەخۆگرتبوو، کە بریتیبوو لە ریفۆرمی زەوی، کە پێشتر و لەکاتێکی زووتردا لەلایەن نەتەوەییەکانی عەرەبەوە لەباشوورو ناوەڕاستی عێراق راگەیەندرابوو، ئەوەی دەبوو بگەیشتایەتە ناوچە کوردییەکانیش، ئەوەش دەسەڵاتی ئاغاکانی بەسەر کۆمەڵگادا نەدەهێشت. هەرچەندە، رێکەوتنەکە بەردەوام نەبوو، بەشێکی بەهۆی چالاکییەکانی شای ئێرانەوە بوو. شای ئێران کە دەیوست بەعسییەکان لاواز بکات، مەلامستەفای ناچارکرد کە لەرێکەوتننامەکە خۆی بدزێتەوە، ئەو بەڵێنی بە مەلامستەفادا کە پارەو چەکی لەئەمریکاوە بۆ دەستەبەربکات. ئەوەی دواتر سەرۆک ویلسن بەڵێنیدا کە لەرێگەی ئاژانسی سی ئای ئەیەوە دابینیکات.[20]





بارزانی بۆئەوەی عەشیرەتەکەی بپارێزێت کەوتەوە پەلامار، بەمەش ئەوە دەستپێکردەوە کە ئێستاکە وەک شەڕی نەبڕاوەی کورد لەدژی عێراق دەبینرێت. هەرچەندە، ئەم جارە، بارزانی وێڕای هاوکاریی ئەمریکاو شای ئێرانیش، زانی کە ئەو ناتوانێت لەبەرامبەر بەعسییەکاندا خۆی رابگرێت. [21] ئەوەی دواتریان، بەخێرایی دەستی بەسەر هەموو ئەو زەوییانەدا گرتەوە کە پێشتر کوردان دەستیان بەسەردا گرتبوو. لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٩٧٥، عەشیرەتی بارزانی بەرەو ئەوە دەچوون جارێکی دیکە بەرەو ئێران راوبنرێن.

لەم قۆناغەدا، سەدام پێشنیارێکی خستەبەردەم شای ئێران، ئەویش ئەوەبوو کە دەست لەخاکی عێراق بۆ شا هەڵبگرێت کە ئارەزووی دەکرد، بەمەرجێک شا دەست لەکوردان هەڵبگرێت. پێدەچێت کە هیچ تەمومژێک لەوەدا نەبێت کە سەدام ئەم پێشنیارەی بۆچی پێشکەشی شا کرد، ئەو دەیویست کە سوود لەبەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەپاش هەڵگیرساندنی شەڕی عەرەب-ئیسرائیل لەساڵی ١٩٧٣دا، وەربگرێت. لەگەڵ هەڵکشانی نرخی نەوت، سەدام دەیویست ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە تاوەکو لەژێرخاندا وەبەرهێنان بکات. ئەو پارە زۆرەی کە لەسەرکوتی شۆڕشی کورداندا خەرجدەکرا ئەنجامی پێچەوانەی هەبوو.

بەڵام هۆکارەکانی شا بۆ پەسەندکردنی پێشنیارەکەی سەدام کەمتر روونن، ئەویش بەدڵنیاییەوە دەیویست بەشداری هەمان خواستی سەدام بکات لەسوودوەرگرتن لەدەرفەتی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، بەڵام لەوەش بترازێت، ئەو هۆکاری دیکەی هەبوو، بۆئەوەی لەوبوارەدا بچێتەپێش. سیاسەتی ئەو لەهەمبەر کوردان بەرەو ئەوە دەچوو کە تادەهات مەترسییەکی زێدەتر بێت و پێویستی بەوە هەبوو ئاراستەکە بگۆڕێت. کاتێک مەلا مستەفا لەوەدا شکستیهێنا کە بتوانێت لەدژی بەعسییەکان بوەستێتەوە، ئەگەری ئەوەش سەریهەڵدا کە ئێرانییەکان راستەوخۆ بێنەمەیدان و یارمەتی بدەن. هەرکاتێک ئەوە روویبدایە بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی شا دەبوو. لەو کاتەدا، ئەو هەوڵی هێورکردنەوەی لەگەڵ سعودیەو میسردا دەدا،

جەنگێکی کراوە لەنێوان بەغداو تاراندا بەوشێوەیە سەیر دەکرا کە جەنگی ئێران بێت لەدژی نەتەوەی عەرەب. کرانەوەی شا بەڕووی میانەرەوەکاندا، بەدیدو تێڕوانینێکی ئەوتۆ نەیدەتوانی بەردەوام بێت. هەربۆیە شا ئەو دەرفەتەی بۆ بڕینی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورددا قۆزتەوە، ڕێکەوتن کراو شۆڕشەکەی بارزانیش کۆتاییهات. بارزانییەکان بەکۆمەڵ بەرەو ئێران هەڵاتن، هەروەک چۆن پێشتر لەسالآنی ١٩٤٠کاندا کردبوویان. ئەوان لەوی مانەوە هەتاکو هاتنی خومەینی.[22]

بۆ بارزانییەکان، بازنەی ئاراستەی کارو هەڵسوڕانیان سوڕی خۆی تەواوکرد، ئەوان ژیانی دوورخراوەییان بە چوونە ئێران دەستپێکردو لەوێ لەپەنا سۆڤێتییەکان خزمەتیان کرد. ئەوان پشتگیریی کۆمارێکی کوردیی ئێرانیی پەرتبوویان لەدژی شا کرد. پاش ٣٠ ساڵ، جارێکی دیکە گەڕانەوە ئێران و چوونە ژێر باڵی پاراستنی شاوە. پاش ئەوەی کە خۆیان لەپرۆسەیەکی بەدبەختانەی سی ئای ئەیدا تێوەگلان لەپێناو شێواندنی جێگیریی رژێمی بەعسییەکانی عێراق.

ئەمە ڕێگەیەکی تراژیدیی بوو بۆ کۆتاییهاتن، بەتایبەتی بۆ مەلامستەفا ئەزمونێکی تاڵ بوو. ئەو پاش ئەمە، ماوەیەکی کورت لەنەخۆشخانەی (واڵتەر رید / Walter Reed) مرد، کە بەهۆی هاوڕێکانییەوە هێنرابووە وڵاتە یەکگرتووەکان. وێڕای ئەوەش، بارزانی لە تەنیا ڕێگەیەکدا سەرکەوتووبوو، ئەویش ئەوەبوو کە یەکێتی عەشیرەتەکەی پاراست. کاتێک مرۆ سەرنجی ئەو نەهامەتیی و سەختییانە دەدات کە عەشیرەتەکە بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی، شتێکی بەرچاوە کەتوانای بەرگەگرتنی هەبووە. هەرچەندە، لێرەدا شتێکی سەمەرە هەیە، کاتێک دەخوازین بەدواداچوون بۆ ئاکارو هەڵسوڕانی تاڵەبانی بکەین، بارزانی بۆئەوەی عەشیرەتەکەی بپارێزێت جوڵانەوەی کوردیی بەتەواویی شەقکرد.





ئێمە ئێستا کە دەخوازین بڕوانینە چالاکیی بارزانییەکان لەجەنگی ئێران-عێراقدا، ئەوان هەوێنی سەرەکی هەڵگیرساندنی جەنگەکە بوون، هێندەی ئەو بڕیارەی خومەینی بۆ بەکارهێنانی بارزانییەکان وەک چەکداری بەکرێگیراو دژی عێراق، ئەوەی کە هانی بەعسییەکانیدا بەشێوەیەکی هەندەکیی دەست بەململانێکە بکەن.

شۆڕشەکەی خومەینی شۆڕشێکی بی گۆڵمەزو سەرئێشە نەبوو، ئامانجی سەرەکی ئەم شۆڕشە هەناردەکردنی شۆڕشی شیعیی بوو بۆ سەرجەم ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەرێگەی پەلامارو ملپێکەچکردنەوە، لەوەش زیاتر پیاوە ئاینییە شیعەکان مەبەستیان بوو یەکەمین سەرکەوتنی سەربازیی خۆیان لەعێراق بەدیبێنن کە گەورەترین کۆمەڵگەی شیعەی هەبوو لەدەرەوەی ئێراندا.[23] ئەگەر خومەینیستەکان توانای داگیرکردنی ئەوێیان هەبووایە، پێدەچوو بەئاسانییەکی رێژەیی لەتەواوی نیمچەدورگەی عەرەبییدا بڵاوبوونایەتەوە.

وەک سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنی جەنگ دژی عێراق، خومەینی لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا، پشتگیریی بارزانییەکانی کرد کە بەشێوەی پارتیزانی پەلاماری عێراق بدەن. بەعسییەکان خومەنییان ئاگادارکردەوە واز لەو کارە بێنێت. کاتێک ئەمەی نەکرد، ئەوانیش هانی کوردی ئێرانیان دا کە شەڕی تاران بکەن.

نزیک بە ٤ ملیۆن کورد لەئێراندا دەژین،[24] لەرۆژانی یەکەمی راپەڕینەکەی دژی شادا، ئەوان پاڵیاندا بە جوڵانەوەکەی پیاوانی ئاینییەوە، هەرچەندە ئەوەندەی شۆڕشەکە سەرکەوت، پیاوانی ئاینی لەهاوپەیمانی پێشوویان هەڵگەڕانەوەو هێزی پاسدارانیان رەوانەکرد بۆ باکووری رۆژئاوا تاوەکو چەکیان بکەن. کوردان بەرگرییانکرد، بەوەش کوردستانی ئێرانی بووە مەیدانی شۆڕشێکی چالاک دژی خومەینی. لەساڵی ١٩٨٣دا، خومەینی پێداگریی کرد کە ئەم یاخییبوونە چەکدارانەیە تێکبشکێنێت. ئەو مەسعود بارزانی کوڕی مەلامستەفای کردە بریکاری خۆی بۆ ئەم کارە، ئەوەی لەپاش باوکی

سەرکردایەتیی عەشیرەتەکەی لەئەستۆ گرتبوو. هەروەک چاوەڕواندەکرا، پیلانەکە بەجۆرێک بوو کە سەرەتا شۆڕشی کوردانی ئێران تێکبشکێنن و پاشانیش پاسداران و بارزانییەکان پێکەوە دەست بە پەلاماردانی کوردستانی عێراق بکەن. مەسعود ئەمەی بەرێگەیەک زانی بۆ گێڕانەوەی موڵک و زەوییەکانی عەشیرەتەکەی و بەوەش بەهاوکاریکردن رازی بوو.

لەبەهاری ساڵی ١٩٨٣دا، بارزانییەکان لەلایەن پاسدارانی ئێرانییەوە پاڵپشتییکران و جوڵانەوەی ناسیونالیستی ئێرانیان تێکشکاند.[25] پاشان ئێرانییەکان لەحاجی ئۆمەرانەوە دەستیان بەداگیرکردنی عێراق کردو(بڕوانە وێنەی ٢) بارزانییەکانیان وەک سەرەنێزەی ئەو پەلامارو داگیرکارییە بەکارهێنا. پارتیزانەکان لەنزیکەوە شارەزای ناوچەکە بوون. ئەوان مانۆڕیان لەدژی بەعسییەکان ئەنجامداو لەبەرامبەر پەلاماری پاسدارانی ئێرانیی لاوازیانکردن.

شەڕی حاجی ئۆمەران بۆ چەند هەفتەیەک بەردەوامبوو، هەرچەندە دواجار توانرا بەر لەئێرانییەکان بگیرێت، بەڵام هێشتا بەشێک لەخاکی عێراقیان لەدەستدا مایەوە، ئەوەی مەسعود پێی وابوو کە رادەستی ئەوی دەکەن. مەسعود چەندە بێزارو شپرزەبوو کاتێک بینی ئێرانییەکان ئەو ناوچەیەیان لەبری ئەو بەخشییە جەماعەتی مەجلیسی ئەعلای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق، ئەوەی بەرەیەک بوو لەگروپە عێراقییە دابڕاوەکان پێکدەهات کە هەموویان نزیکەی لەشیعەی توندڕەو بوون.

ئەمە وەڵامێکی رەتکەرەوەی جددیی بوو بۆ خەڵکانێکی وەک کورد- ئەوانەی شەرەف بەشتێکی مەزن دەبینن- پێدانی حاجی ئۆمەران بە تاقمێکی شیعەی شەڕنەکەر، سوکایەتییەکەی خنکێنەربوو. بارزانی بۆ بەخۆداچوونەوە، لەئاغا ئێرانییەکانی پەنای گرت، لەم ماوەیەدا پلانێکی دانا بۆئەوەی کۆتایی بەو وابەستەییە تەواو تایبەتی خۆی بە ئاغا ئێرانییەکانی بهێنێت.







## پەیوەستبوونی سوریی

بارزانی، بڕیارییدا هاوپەیمانییەک لەگەڵ حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریادا پێکبهێنێت، کە لەو کاتەدا لەگەڵ ئێران دژی عێراق هاوپەیمان بوو. بارزانی لەو بڕوایەدا بوو کە ئەگەر بەشێوەیەکی جیا لەگەڵ سوریا هاوپەیمانی بکات، ئەوا لەبەرامبەر ئاغا ئێرانییەکانی نفوزو پێگەیەکی بەهێزتری دەبێت و دەتوانێت لەسەر پەت یاری بکات و ئەم دژی ئەو بەکاربهێنێت.

ئەو کاتە سوریا پاڵپشتی بەرەیەکی دەکرد بەناوی "بەرەی جود / بەرەی نیشیتیمانی دیموکراتی" کە لەگروپێک لایەنی سێکیولاری عێراقیی پێکدەهاتن. ئەندامانی سەرەکی ئەم بەرەیە حیزبی شیوعی بوون لەگەڵ حیزبی سۆشیالیستی کوردیی.

سوریا پاڵپشتی ئێرانی دەکرد لە جەنگەکەیدا دژی عێراق، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە سورییەکان لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە لایەنگری شۆڕشی ئیسلامیی بووبێتن. سوریا و ئێران رایەڵەیەکی هاوبەشی کەمیان هەبوو. سوریا دەوڵەتیکی سێکیولار بوو، ئێران ئاینیی بوو. ئامانجی ئێران بڵاوکردنەوەی ئیسلامی ئسوڵیی بوو لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە بۆ سورییەکان نەفرەتێک بوو. دیمەشق بەتایبەت لەوە دەترسا کە لەعێراقدا حکومەتیکی بازیچە دابمەزرێت کە سەربە رۆحانییەکان بێت. بۆ رێگری لەمە، ئەو بەرەی جودی دروستکرد، بەوەش بەهیوابوو کە هەژمونی بەسەر حکومەتی عێراقیدا هەبێت و لانیکەم هاوسەنگییەک لەبەرامەبەر ئەو گروپە عیراقییانە پێکبهێنێت کە ئێران پشتگیریی لێدەکردن وەک : مەجلیسی ئەعلا.

بەوەش، ئەسەد پێشنیارییکرد کە بارزانی بە بەرەی جودەوە پەیوەست بێت، هەنگاوێک کە دەتوانێت سوودێکی گەورەی بۆ سوریا هەبێت. لەکاتیکدا کە بارزانی لەنێوخۆی عێراقدا بنکەی هەبوو، ئەوەی کە جەنگاوەرانی بەرەی جود دەیانتوانی سوودی لێ ببینن و

بەکاریبهێنن. لەمیانەی بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنەکانی حاجی ئۆمەراندا، بارزانی زیاتر بەقووڵایی عێراقدا رۆیشتبوو، بەدرێژایی سنووری تورکیی، ئەم بنکانەی دامەزراندبوو.

ئەسەد، وا بیریدەکردەوە کە ئەم ناوچەیەی ژێر دەسەڵاتی بارزانی لەبەردەم ئەو رێکخراوانەدا بخاتەسەر گازی پشت کە دیمەشق پاڵپشتییدەکردن. عێراقییە جیابۆوەکان لە بەعسی عێراق زۆرینەی ئەوانەیان پێکدەهێنا. بەڵام یەکێک لەو لایەنانەی کە ئەسەد خوازیاربوو لەو ناوچەی دابنێ، بریتیبوو لە پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە".[26] پەکەکە رێکخراوێکی "تیرۆرستی" بوو کە لەماوەی ١٩٦٠کاندا لە تورکیا چالاک بوو. ئەم رێکخراوە لەلایەن سوپای تورکییەوە دەرکران و ئەوان لەسوریا بوونە پەنابەر. بەوەش لەراستییدا، لاوازبوو، نەیتوانی دووبارە دەستی بەخاکی تورکیا بگاتەوە.

ئەم ناوچەیەی بندەستی بارزانی، بۆ گەریلاکانی پەکەکە سروشتی بوو، کە راستەوخۆ دەکەوتە بەرامبەر باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا کەزۆرینەی کوردان لەتورکیادا، لەم ناوچەیەدا کۆبوونەتەوەو ژمارەیان دە ملیۆن کوردە.

بارزانی پەسەندیکرد کە پشتگیریی پەکەکە بکات، بەو کارەشی یەکێک لەپرنسیپەکانی باوکی پێشێلکرد. مەلامستەفا هاوکارییکردنی لەگەڵ گروپە جیابۆوە نارازییە تورکییەکاندا بەکارێکی نەکردە لەقەڵەمدەدا. ئەو دەیزانی کە کارێکی وا لەلای سوپای تورکیی بێزراوی دەکات.[27] هەتا ئەو کاتەی مەلامستەفا دەسەڵاتی بەسەر باکووری عێراقدا دەڕۆیشت، سنورەکانی بەڕووی گروپە هاوشێوەکانی پەکەکەدا داخستبوو. بڕیارەکەی مەسعود کە پشتکردنە بڕیارەکەی باوکی بوو، هەر زوو ئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتەوە.





لەهاوینی سالی ١٩٨٤دا، یەکێک لەقۆناغە هەر هەستیارەکانی جەنگی ئێران- عێراق دا، پەکەکە چەند پەلاماریکی لەقوولایی خاکی تورکیادا ئەنجامدا و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بارزانییان وەک ناوەندێک بۆ ئەو پەلامارە بەکارهێنا. ئەوان بۆ چەند رۆژێک پشێوییان نایەوە و تەقەیان لەچەند بنکەیەکی پۆلیس کردو ژمارەیەکی زۆریان لەلادێیە تورکەکان بە بارمتەگرت.

سوپای تورکیی –وەک چاوەڕواندەکرا- تووڕەبوو، بەتایبەت کە لەناوچە کوردییەکەدا بۆماوەی چەندین ساڵ بوو چ چالاکییەکی گەریلایی روویندابوو. دەستبەجی سوپا دەستی بەجوڵە کرد، بەڵام نەک وەک ئەوەی بارزانی یاخود ئەسەد لەوبارەیەوە چاوەڕوانیان دەکرد، پێکهاتنێک لەنێوان بەغداو ئەنکەرە هاتەئاراوە، ئەنکەرە لەلایەن بەغداوە رێپێدرا هەستێت بە ئۆپەراسیۆنەکانی راوەدونانی توندی گەریلاکانی پەکەکە لەنێو خاکی عێراقدا.

ئێستا ئیدی وەختی ئەوەهات کە ئێرانیش زەبری خۆی پێشانبدات، ئەو لەهەوڵی هاندانی زێدەتردا بوو لە ناوچە کوردییەکە بەئامانجی ئەوەی ناوچەکە بکاتە دووهەمین بەرەی جەنگی دژ بە بەغدا. پەلامارەکانی تورکیا ئەم ستراتیژەی شکستپێهێنا.[28] لێرەبەدواو جاروبار، هەرکاتێک هێرش و پەلاماری کوردان توندبوو‌بێت، ئەوا تورکەکان دەکشانە ناوچەکەوەو دەستیان بە کێومالکردنی ناوچەکە دەکرد بۆ لێدانی گەریلاکان، ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە هاوکاریی عێراقی کرد هێزەکانی لەباکوور بکێشێتەوەو رێکارەکانی سەنگەری بەرگریی لەدەوروبەری بەسرە پی بەهێز بکات. ئێمە ئەم شکستە بۆ بارزانییەکان و بۆ ئێرانییەکان بەیەکێک لەهەرە پەرەسەندە گرنگەکانی جەنگەکە دادەنێین. لەپاش ئەمە، جوڵانەوەی بەرگرییکارانەی کورد رووی لەهیچ لایەکی دیکە نەکرد. بارزانی بەردەوام باسی لەو دەستکەوتە مەزنانە دەکرد کە ئامادەیە بەدەستیبهێنێت ئەگەر بێتو ئێران دووهەمین بەرەی جەنگ لەم ناوچەیەدا بکاتەوە. هەرچەندە، چاودێرانی شارەزای جەنگەکە دەیانزانی، کەتاکو ئەو کاتەی تورکان

چنگی توندی خۆیان لەناوچەکە گیرکردبێت، بەرەیەکی بەو شێوەیە هەرگیز نایەتەدی.[29]

هەرچەندە لەهەمان کاتدا، بارزانییەکان هەندێک پێشکەوتنیان بەدیهێنا، ئەوان لەوە دەرچووبوون کە هەر لەسنوورەکانی ئێرانەوە پەلاماری پارتیزانی ئەنجامبدەن. لەسەرەتای جەنگەکەدا، کەوتنە ئەوەی لەنێوخۆی وڵاتەکەداو لە بنکەگەلێکە هەڵسوڕێن کە تواناى ئەوەیان هەبێت بەرگریی لێبکەن. ئەوەش لەرووی ستراتیژییەوە بۆ خۆی پێشکەوتنێک بوو.

ئێستاکە رووی خۆمان لە هەڵسوڕاوە گرنگەکەی دیکەی نێو جوڵانەوەکە دەکەین کە: جەلال تاڵەبانیە.




Figure 2. Northern Iraq.

## دەرکەوتنی بیرو ئایدیۆلۆژیی

لەرووی سیاسییەوە، تان و پۆی جوڵانەوەی کوردیی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانییە. بارزانی نوێنەرایەتی رەوتە نەریتییە خێڵەکییەکە دەکات و تاڵەبانیش بەرجەستەی ئاراستەی ئایدیۆلۆژیی و مۆدیرنەکەی جوڵانەوەکە دەکات. تاڵەبانی لەبری ئاست و بنەمای خێڵەکیی، بە بەردەوامیی لەڕیگەی رێکخراوە سیاسیەکانەوە هەڵدەسوڕێت، کە گرنگترینیان پارتی دیموکراتی کوردیی بوو.

تاڵەبانی لەبنەڕەتدا یاریدەدەری سەرەکیی مەلامستەفا بوو، ئەو کوردێکی شارەکیی و خوێندەوارێکی پەروەردەی زانکۆ بوو. ئەو سەروکارێکی کەمی لەگەڵ جەنگاوەریی و پارتیزانە دێرینەکاندا هەیە. لەراستییدا، تاڵەبانی کاری سیاسی خۆی بەشێوەی بەرهەڵستکارێک دژی مەلامستەفا دەستپێکرد. ئەگەرچی بەشێوەیەکی راستەوخۆش نا، بەڵام وەک خوێندکارێک ئەو دژی ئەو عەقڵییەتە ئاغایەتییە بوو کە مەلامستەفا نوێنەرایەتیی دەکرد.[30]

کۆمەڵگای کوردیی، وەک ئەوەی میدیا رۆژئاواییەکان وێنای دەکات، گریمانەی ئەوە دەکرێت کە لەسەر بنەمای ستراکتۆرو بونیادێکی خێڵەکیی رێکخرابێت. لەراستییدا، خێڵەگەرایی کۆنی کورد لەلایەن بریتانییەکانەوە تێکشکێنرا. ئێمە لێرەدا، ئاماژە بە سیستمی شەڕی خێڵەکان دەکەین، ئەوانەی زەوییەکانیان بەشێوەی موڵکایەتیی گشتی بوو. بریتانییەکان، بیرۆکەو وچەمکی موڵکایەتیی گشتییان بە گواستنەوەی موڵکەکانی خێڵ بۆ سەرۆکەکەی، تێکشکاند.[31]

ئەوەش سەرۆک عەشیرەتەکانی بەشێوەیەکی نائاسایی دەوڵەمەنکرد، بەڵام ئەمە سروشتی کۆمەڵگای کوردیی گۆڕیی و هەڵیوەشاندەوەو کردیە سیستمێکی چینایەتیی. بەشێوەیەک کە ئاغاکان لەسەرو هەرەمی سیستمەکەوەن لەخواریشەوە ئەندامی عەشیرەت یان خیڵەکانن کە وەک پاسەوانێک پاڵپشتییان دەکەن. ئەم دوو گروپە پێکەوە چینێکی جەنگاوەر پێکدەهێنن.[32]

تاڵەبانی هەرزوو ئەو ئەنجامگیرییەی کردبوو کە هەتاوەکو ئاغاکانیان و پاسەوانەکانیان دەست بەسەر ژیانی کوردانددا بگرن، ئەوا کورد هەر بەدواکەوتوویی دەمێنێتەوە. تاڵەبانی بە هاوکاریی سەرکردەیەکی کوردی دیکە کە هاوشێوە بیری دەکردەوە، ئەویش ئیبراهیم ئەحمەد بوو کە لەساڵانی ۱۹۵۰کان و ۱۹٦۰کان تێکۆشابوو، پارتێکی سیاسی کوردییان پێکهێنا "پ د ک"، ئەوەی لەریزەکانی خۆیدا لەهەموو چین و توێژێک لەخۆدەگرت و لەوانەش "مسکێن". ئەو بەهیوا بوو کە حیزبەکەی بکاتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی بونیادی کۆمەڵگای کوردیی.

ئەوەی سەرنجی مسکێنەکانی بۆ پارتی دیموکرات رادەکێشا بریتییبوو لە هەڵوێستی پارتی لەئاست کێشە کۆمەڵایەتییەکان. سەرکردە ناسیونالیستەکانی عەرەب هەروەک عەبدولکەریم قاسمی یەکەمین سەرکردەی کۆمارەکە، بەگرتنەبەری ریفۆرمی زەوی، ئەریستۆکراتی کۆنی موڵکداری زەوییان لەهەر جێگەیەکی عێراق تێکشکاند. هەرچەندە، جگە لەهەندێکی کەم، ئەم ریفۆرمە کاریگەریی لەسەر ناوچە کوردییەکان نەکرد، لەوێ ئاغا ئەریستۆکراتەکان لەدژی وەستانەوە.

پارتی کە لەدەوروبەری سلێمانی بەهێزبوو، ریفۆرمی زەوی بە دەست لەپشتدانی پارتی دژەی کردە ئەم ناوچەیە، بەشێوەیەکی سروشتی وایکرد کە ئاغاکان لەحیزب داببڕێن. لەئاکامی ئەمەش، پارتی بینی نفوزو دەسەڵاتی لەو ناوچانەدا کە ئاغاوات و پیاوانی ئەوانی تێدا باڵادەستبوو، رێگریی لێدەکرێت.

پارتی پێویستی بە پەناگەو ئامرازێکی بەهێز بوو، ئەوەی لەکۆتاییدا بەرێکەوتن لەگەڵ بارزانی کەلەسەرەتای ۱۹٦۰کاندا ببێتە سەرۆکی پارتی، ئەو پاڵپشتییەیان دەستکەوت. ئێمە ئەوە نازانین کە بارزانی بۆچی ئەم هەنگاوەی نا، پێدەچێت هەروەها بێزاربوونی لەقاسم بۆخۆی فاکتەرێک بێت.[33] بەهەرحاڵ، رێبەرانی پارتی، تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد، بە بەدەستهێنانی بارزانی خۆشحاڵ بوون، چونکە پیاوە

خێڵەکییەکانی بارزانی هێزیکی ئەوتۆیان بە پارتەکەدا، کە تا دوا رادە پێویستی بوو.لەهەمان کاتدا، رێبەرانی پارتی پێیان وابوو بارزانی لەریزی پشتەوە بمێنێتەوەو حیزب بۆ ئەوان جێبهێڵێت، بەڵام ئەوە هەر بەدحیسابکردنێک بوو.

زۆری نەخایاند کە بارزانی دەستی بەسەر پارتییدا گرت، پیاوە جەنگاوەرەکانی خۆی لە هەموو پێگە جۆربەجۆرەکان چەقاند. لەوەش زیاتر، مەکتەبێکی سیاسی بەشێوەیەک دانا، ئەوەی کە پێشتر ئاغاکان رێگەی چوونە ئەوێیان پێ نەدرابوو، ئێستاکە توانیان لەوێدا هەندێک نفوز پەیدا بکەن.[34]

ئەمە بوو تێکچوونی پەیوەندیی نێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و بارزانی، ئەو ئیبراهیم ئەحمەدو تاڵەبانی و لایەنگرانی لەعێراق راونا بۆ ئێران، ئەوان لەوێ بوونە پەنابەر.[35] هەرچەندە بارزانی نازناوی سەرۆکی پارتی بۆ خۆی هێشتەوە، هەروەها بەردەوامبوو لەسەر ئەوەی خۆی وەک سەرکردەی راستەقینەی جوڵانەوە سیاسییەکە وێنابکات. لەراستییدا، لێرەبەدوا، جوڵانەوەکە بوو بە پاوانی تاقە پیاوێک. بارزانی هەژمونی بەسەر جوڵانەوەکەدا سەپاندو هەروەها بەسەر پارتیشدا، کە بووە کۆدێکی داخراو بەدەستییەوە، بەجۆرێک چیدی بەکاری سیاسی لەنێو گەلی کورددا رانەبوو، هەرچەندە نوێنەرانی مەلامستەفا ئەم راستییەیان شاردۆتەوە. لەگەشتێکدا بۆ ئەوروپاو بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەوان پابەندبوونێکی سیاسی قووڵیان بەسەرکردەکەیان پێشاندا، ئەم پابەندبوونە بەتەواوەتی شتێکی ئەوتۆ نەبوو.

لەراستییدا، کاتێک تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد دایانە پاڵ بەعسییەکان، خولیای تاکڕەویی و دەسەڵاتخوازییەکەی بارزانی هێشتا زێدەتر بوو، ئەوان جوڵانەوەی کوردیان بەتەواویی لەدەستی بارزانییدا جێهێشت. لەراستییدا، جیابۆوەکان بۆ ماوەیەک لەشەڕی چەکداریی دژی لایەنگرانی بارزانی تێوەگلان.





پاشان لەساڵی ١٩٧٠دا، سەدام هات و ڕێکەوتننامەی ئۆتۆنۆمی پێشکەشکرد، ئەوە روون بوو کە فەرمانڕەوا عێراقییەکە لەوە نیگەران بوو کە کێشەی کورد پشتگوێ بخات، بەشێکی بەهۆی ئەو خولیایەوە بوو بەئاراستەی جوڵەی ئابووری. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەبەستێکی شەخسیش هەبوو. ئەو دەیویست سەرکردە سەربازییە عێراقییەکان تووشی شەرمەزاریی بکات. سەدام پیاوێکی سەربازیی نەبوو، بەوەش دەبوو لە یاخیبوونی ئەفسەرانی سوپا لەدژی خۆی بترسێت. ئەو بە پێداگریی لەسەر چارەسەری سیاسییانەی کیشەی کورد، جەختی لە شکستی سوپا کردەوە.

بەوپێیەی کە سەدام زۆر نیگەرانی چارەسەر بوو، ئەوە بارزانی هاندا کە بەخێرایی رووەو رێکەوتنێک بێتەپێش. هەروەها هێشتاش سەرکردە کوردەکە ئەو بەندەی پەسەند کرد، کە ریکەوتننامەکە لەپاش چوار ساڵ جێبەجێبکرێت. ئەم دواخستنە بە پێویست زانرا بۆ روونکردنەوەی وردەکاریی ئەو بابەتانەی چارەسەر نەکرابوون، لەوانەش بڕیاردان لەدۆخی کەرکوک، ئەو شارەی کە هەردوولا بەهی خۆیان دەزانی. ئەوان لەسەر ئەوەی رێکەوتن کە سەرژمێرییەکی دانیشتووانەکەی بکرێت بۆئەوەی شوناسی پێکهاتەی قەومی شارەکە دیاریبکرێت.[36]

ئیبراهیم ئەحمەد، سەبارەت بەم دواخستنەی ریکەوتننامەکە، رەخنەی لەبارزانی گرت، بە بۆچوونی ئەو روشی کەرکوک ئەو دواخستنەی پێویست نەدەکرد. ئەو رێکەوتننامەیەی کە زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر لەلایەن حکومەتەوە ماف بەکورد درابوو. بەعسییەکان ویستی ئەوەیان هەبوو وەک گەلێک دان بەکورددا بنێن، ئەوەی کە هەرگیز پێشتر هیچ دەوڵەتێکی تر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەیکردبوو.

لەپاڵ ئەمەشدا، بەغدا بەرەو ئەوە دەڕۆیشت کە رێگە بەکوردان بدات بەزمانی خۆیان بدوێن. بەدڵنیاییەوە زمانی کوردیی دەبووە دووەمین زمانی فەرمی لەپاڵ زمانی عەرەبییدا. هەروەها بڕێک پارەش بۆ بنیاتنانەوەی باکوور تەرخان بکرێت. بڕیاریش بوو

ژمارەیەک لەسەرکردە کوردەکان بچنە ناو حکومەتەوەو جێگری سەرۆکی عێراقیش دەبوو کورد بێت. ئیبراهیم ئەحمەد پرسی : بۆچی لەگەڵ ئەم هەموو دەستکەوتە، بارزانی رازی بووە چوار ساڵ دەرفەت بدرێتە رێکەوتننامەکە کە ببێتە یاسا؟

بەبڕوای ئێمە، بارزانی رێکەوتننامەکەی دواخستبوو بەهۆکاری ئەو بەندەی کە لەرێکەوتننامەکەدا باسی ریفۆرمی زەوی لەهەرێمە کوردییەکەدا کردبوو.[37] بارزانی نەیدەتوانی پێشوازیی لەم بەندە بکات، پاش هەموو ئەوەی کە ئەو لەگەڵ کەسانی هاوشێوەی وەک تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد بەشەڕهاتبوو، هەروەها لەپۆست و پلەی حیزبی دووری خستبوونەوە، هەروەها ئەگەر ئێستاکە بەو ریفۆرمی زەوییە رازی بووایە، ئەوا ئاغاکانی لێ دووردەکەوتەوە. پێدەچێت دواخستنەکە بۆ ئەوە بووبێت کە ناوی لەسەر چ بەڵگەیەک نەنووسرێت کە گۆڕانکاریی ریشەیی لەپەیوەندییەکانی موڵکایەتیی لەنێو گەلی کورددا بێنێتەئارا.

ئەگەر لێکدانەوەکەمان دروستبێت، ئەوە روونیدەکاتەوە کە بۆچی دواجار بارزانی لەسەر پاڵپشتییکردنی پیلانەکەی شای ئێران رازی بوو بۆ دەستپێکردنەوەی یاخیبوونەکە. ئەوەی وای لەبارزانی کرد بتوانێت خۆی بەدووربگرێت لەوەی بەناچاریی هەڵوێست لەئاست ریفۆرمی زەوی وەربگرێت. وێڕای پاراستنی ئەو وێنەیەی خۆی وەک خەباتگێڕێک لەپێناو مافە نەتەوایەتییەکانی کورددا. وێڕای ئەوەش ئەو لەپێناو دۆزێکدا بەتەواوەتی جوڵانەوەکەی کۆتایی پێهێنا. ئەوە بووە پنتێک بۆ هەموو ئەو کارانەی بەناوی ئەوانەوە کرا، ئەوە سروشتی کۆمەڵگای کوردیی دیارییدەکرد گەر بهاتایەو ئۆتۆنۆمییەکە بەدیبهاتایە.

پاش ئەوەی بارزانی لەساڵی ١٩٧٤دا، رازی بوو کە دژی بەعسییەکان هاوکاریی لەگەڵ شای ئێراندا بکات، رەوتی فیکر لەنێو جوڵانەوەکەدا لەنێوچوو. ئەو چالاکانەشی کە لەپاش رۆیشتنی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد، لەگەڵ بارزانی مابوونەوە، ئەوانیش رۆیشتن و

نەمانەوە. ئەوەش مانای ئەوەیە کە جوڵانەکە بەتەواویی جوڵانەوەیەکی خێڵەکیی بووە.

جگە لەیەک دوو کەس ، چالاکەکانی دیکە لەمەیدانەکەدا نەبینرانەوە. هەرچەندە، تاڵەبانی بەزیندوویی مایەوەو ئەو بۆ ماوەیەک لەگەل بەغدا بەهاوپەیمان مایەوە، دواتر لەناکاو گەڕایەوە نێو ئۆپۆزسیۆن و حیزبی تایبەت بەخۆی بەناوی "یەکێتی نیشتیمانی کوردستان / ی ن ک" دروستکرد. پاش هەڵگیرساندنی جەنگی ئێران-عێراق، تاڵەبانی بووە سەرکردەی پارتیزانەکان، ئەو لەم ماوەیە، بۆ کاتێکی کەم وەک رابەری جوڵانەوەکە شوێنی مەلامستەفای گرتەوە.

ئێستا کە ئێمە دەبینین چۆن تاڵەبانی ئەمەی کرد، بەلام سەرەتا پێویستە ئەم مشتومڕە تایبەتە بخرێتە ناو چێوەیەکەوە.



# ڕێکەوتنی ساڵی ١٩٨٣

ناوچەکەی نفوزی بارزانی وەک تێبینمانکرد، دەکەوتە سەر سنوری باکووری عێراق لەگەڵ تورکیا، لەکاتێکدا ناوچەکەی تاڵەبانی دەکەوتە بەشی باشوورەوە لەدەروبەری سلێمانی ئەو چیایانەی کە عێراقی لە ئێران جیادەکردەوە. ئەمەش بووە فاکتەرێک کە بایەخ و گرنگی خۆی هەبێت لەکاتێکدا کە ئێران پەلامارەکانی خۆی لەساڵی ١٩٨٣وە بۆ کوردستانی عێراق دەستپێکرد.[38]

ئێرانییەکان بژارەی ئەوەیان هەبوو کە لەپلانەکەیاندا تاڵەبانی بگرنەخۆ، هەرچەندە ئەوان ئەمەیان ڕەتدەکردەوە، لەوانەیە بەو هۆیەوە بووبێت کە تاڵەبانی سێکیولارێکی پەسەندنەکراوبوو، هەروەها زێدە لەڕادە چەپ بوو.[39] پێدەچێت هەروەها بەو هۆیەشەوە بووبێت کە مەسعود بارزانی کارتەکەی دوژمنە کۆنەکەی باوکی سووتاندبێت.

بەهەرحاڵ، ئێرانییەکان لەپاش حاجی ئۆمەران، ژمارەیەک پەلاماری یەک بەدوا یەکیان کردە سەر کوردستانی عێراق، کە یەک لەو ناوچانە لەدەوروبەری مەڵبەندەکەی تاڵەبانیدا بوو. ئەمەش تاڵەبانی خستە دۆخێکی نەخوازراوەوە، ئەو نەیدەویست پشتگیریی ئەو ئێرانیانە بکات کە بەچاوێکی کەم سەیریان کردبوو، هەروەها نەشیدەویست لەگەڵ بەغدادا بێت کە بۆخۆی دژی دەجەنگا. تاڵەبانی، ئێرانییەکانی ئاگادارکردەوە کە دوور لە مەڵبەندەکەی ئەو بوەستن. کاتێک ئەوان ئەم ئاگاییەی تاڵەبانییان پشتگوێخست، هەروەها پەلاماری نزیک پینجوێنیان دا، ئەو فەرمانی بەهێزەکەی کرد وەڵامیان بدەنەوە.

ئەمە، سەدامی ڕاکێشایە نێو دیمەنەکەوە، سەرکردە عێراقییەکە سەبارەت بە پێشنیاری زیندووکردنەوەی ڕێکەوتننامە کۆنەکەی ئۆتۆنۆمی، پەیوەندی بەتاڵەبانییەوە کرد، گەر بێتو تاڵەبانی هاوکاری عێراق بکات لەبەرپەرچدانەوەی داگیرکاری ئێرانیی. ئەو زنجیرە

پەلامارانەی ئێران لەقۆناغێکی زۆر ناسکدابوو بۆ بەعسییەکان، ئەوان بەتەواوەتیی جەنگاوەرانی خۆیان تەیارنەکردبوو، هەربۆیە پیویستیان بە هەر سەربازێک بوو بتوانن چنگی بخەن.[40]


تاڵەبانی بەوە رازی بوو. پێکهاتن کە تاڵەبانی لەباکوور ببێتە "پارێزگار"ی سەدام لەباکووری عێراق و ئەرکی پاراستنی ناوچەکەی لەئەستۆدا بێت. ئەوەی کە ئەو دەبوو ئەنجامی بدات لەرێگەی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هەر کوردێکی دیکە کە بتوانێت چەکداریان بکات. لەهەمان کاتدا، سەدام رازی بوو کوردان لەئەرکی سەربازیی ببەخشێت، بۆئەوەی هانیانبدات کە بەتاڵەبانییەوە پەیوەستبن. دواجار سەدام و تاڵەبانی دەبوو پێکەوە بگەنە رێکەوتن لەسەر شێوەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ تەواوی کورد. ئەگەر ئەم رێکەوتنە جێبەجێ بکرایە، ئەوا جێگەی بایەخ و هێنانەدییەکی زۆری دەبوو، نەک تەنیا بۆ کورد، بەڵکو بۆ عێراقیش. هەرچەندە ئەم رێکەوتنە وەک ئەوەکەی پێشوو، بەمردوویی لەدایکبوو، هۆکارەکانی ئەوەش تاڕادەیەک نادیارە، پێدەچێت کە تاڵەبانی بووبێتە قوربانی پیلانگێڕییەک. لەوکاتەی ژمارەیەک لەئاغا بەهێزەکان کە لەپاڵ بەعسییەکاندا بوون، بەناو لەگەڵیاندا هاوپەیمان بوون دژی ئێرانییەکان.[41] ئەم سەرکردە کوردە لایەنگرانەی عێراق کە "فورسان"یان پێ دەوترا، بەوە خۆشحاڵ نەبوون کە تاڵەبانی لەنێویاندا وەک وەکیلێکی بەهێز دەربکەوێت، کەسێکی وا بتوانێت راستەوخۆ لەگەڵ سەدامدا مامەڵە بکات.[42] بەپلەی یەکەم، ئەوان تاڵەبانیان کەوتەوەبیر کە لەرۆژانی خوێندنییەوە وەک بەرهەڵستکارێکی "عەقڵی ئاغایەتیی" و نەیاندەویست نامەڵە لەگەڵ کەسێکی وادا بکرێت کە لەپڕ لەمەیدانەکەدا لێیان قوت بۆتەوە. لەکاتێکی دواتر لەساڵی ١٩٨٤دا، ئاغاکانی کەیسی تیرۆری فەرماندەیەکی تاڵەبانییان رێکخست، ئەوەش زیانی بە ناوبانگی تاڵەبانی گەیاند کە دواتر سەلما کە ناتوانێت تۆڵەی ئەو کارە بکاتەوە. کوردان سەبارەت بەمەسەلەی شەرفیان هەستیارن، پاش ئەمە رەتیانکردەوە کە گوێڕایەڵی بکەن.





تاڵەبانی بۆماوەی چەندین مانگ لەدۆخێکی چاوەڕوانیی و هەڵواسراوییدا مابووەوەو لەچیاکانی باکوور لە هاتوچۆدا بوو. دواجار، پاش ئەوەی کە شەر لەنێوان پاشماوەکانی هێزەکەی و سوپای عێراقیدا هەڵگیرسایەوە، گەڕایەوە نێو ریزەکانی ئۆپۆزسیۆن. لەکۆتاییدا تاڵەبانی هاوپەیمانیی لەگەڵ مەسعود بارزانی کرد، دیارنەبوو کە چ شتێک پێکەوە کۆیکردبوونەوە! گروپەکەی کە یەکێتی بوو ، ئێستاکە بێکاریگەر مابوونەوە.





## ئاغاكان و پێشمەرگە

بەهەڵوەشانەوەی یەکێتییەکەی تاڵەبانی، جوڵانەوەی کوردیی دوا حیزبی سیاسی متمانەپێکراوی راستەقینەی خۆی لەدەستدا.[43] (پێشتر ئاماژەمان بەوەدابوو کە چۆن پارتی وەک حیزبیکی کارا لە کارکەوت پاش ئەوەی مەلامستەفا لە شەستەکاندا دەستی بەسەرداگرت). لێرەدا ئەم خەملاندنە سەرنجڕاکێشە خۆی دەنوێنێت کە: ئەگەر پارتی سیاسی لەجوڵانەوەکەدا نەبێت، ئیدی چۆن لەبنەڕەتدا جوڵانەوەیەک دەبێت؟! بۆ ئێمە وادەردەکەوێت کە جوڵانەوەیەک نەبووە.

بەڵام بۆچی ئەو هەموو چالاکییە دژی سەدام لەنێو کورداندا هەبوو؟ ئەو هەموو پێشمەرگەیە کێ بوون؟ ئایا پارتیزانە جەنگاوەرەکانی خۆتەرخانکەر، ئەوانەی وەک رۆژنامەوانەکان جەختی لێدەکەنەوە، لەپێناوی کوردستاندا گیانی خۆیان دەخستە مەترسیەوە؟!ئێمە دەمانەوێت کە سەرنج لەم دیاردە تایبەتە بدەین.

کاتێک لەساڵی ١٩٨٠دا، عێراق پەلاماری ئێرانی دا، سەرکردەکانی عێراق لەو باوەڕەدا بوون کە جەنگەکە ماوەیەکی کورت دەخایەنێت. ئەوان خۆیان بۆ ئەو بەرگرییە سەرسەختانەیەی ئێران ئامادە نەکردبوو کە رووبەروویان بووەوە، بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەلایەن یەکەکانی سوپای پاسدارانی ئێرانییەوە کە بەخێرایی پێکهێنران. لەکاتێکدا کە سەرکردەکان هاتنەسەر ئەو باوەڕەی کە جەنگەکە بەو خێراییە کۆتایی نایەت، ئنجا کەوتنە تەیارکردن. لەگەڵ بوونی بەشێکی کەم لە ئۆپۆزسیۆن لە ناوچەکانی باشوور و ناوچە عەرەبییەکانی وڵاتەکە، شیعەکانی عێراق ئامادەبوون بۆ پشتگیریی وڵاتەکەیان. هەرچەندە، کوردانی باکوور لە بڕاردەیە دڕدۆنگبوون.

بەپلەی یەکەم ئەوە مانای ئەوە بوو کە لەپێناو شەڕکردن لەبیابانەکانی باشووردا، چیا دڵنشینەکانی خۆیان جێبهێڵن، ئەو ناوچەیەی کە ئەوان رقیان لێی بوو. بەڵام هەروەها ئەوەی کە فەرمانیشیان بەسەردا بکرێت، ئەوەی کە لەلایەن کوردێکەوە فەرمانیان پی بکرێت بۆخۆی

خراپە، بەڵام ئەوەی کە لەلایەن بەغدادییەکەوە یان موسڵاوییەکەوە فەرمانیان پێبکرێت، ئەوەش شتێکی بێماناو باوەڕنەکردە بوو. بەوەش کوردان بەپۆل بەرەو چیاکان هەڵدەهاتن بۆئەوەی ببن بە پێشمەرگە. لەم کاتەدا، کە بارزانییەکان لەدەرەوەی عێراق دەژیان، لەرۆژانەی بەرایی جەنگەکەدا لەئێران گەڕانەوە بۆئەوەی بنکەی خۆیان لەنێو وڵاتەکەدا دابنێن.هەروەها تاڵەبانی کە لەدیمەشق دوورخراوەبوو، گەڕایەوە بۆئەوەی بنکەی خۆی دامەزرێنێت. ئەندامەتیی و پەیوەستبوون بە پارتی و یەکێتیەوە هەڵکشا پاش ئەوەی خەڵکانێکی زۆری فیرارو راکردووی سەربازیی پێیانەوە پەیوەستبوون. ئەوە بوو بەم شێوەیە شۆڕشە کوردییەکە بوژایەوە.

هەرچەندە، پاش ئەوەی کە تاڵەبانی دوای رووداوی تیرۆرکردنەکە نفوزی خۆی لەدەستدا، رەوشەکە گۆڕانی بەسەرداهات. ئاغاکان بڕیاریاندا سەرمایەگوزرای لەسەرو سوود لەو رێکەوتنە وەربگرن کە پێشترکرابوو سەبارەت بەوەی کە خۆیان ئەرکی بەرگرییکردن لە باکوور بگرنەئەستۆ. ئەوان بەپێشنیاری دامەزراندنی فەوجەکانی بەرگریی نیشتیمانیی، لەسەدام نزیکبوونەوە. لەرووی کردارییەوە ئەم هێزە نانیزامییانە لەبنەرەتدا لەو گروپانەوە سەرچاوەی وەردەگرت کە لەئاغاکان و پاسەوانە شەخسییەکانیان پێکدەهاتن. ئەوانەی کە نەک تەنیا ئەرکی شەڕکردنیان لەگەڵ ئێران گرتبووە ئەستۆ، بەڵکو ئەرکی سەرکوتی لایەنگرو ئەندامانی پارتی و یەکێتیشیان لەئەستۆدابوو. [44]

لەراستییدا، فەوجەکان یان جاشەکان (هەروەک پارتیزانەکان بۆ سوکایەتیی وایان ناونابوون)، ئەمانە هاوشێوەی ئەو هێزە بەکرێگراوە ئێرلەندییەکانی "بلاک و تانس /Black and Tans" بوون کە هاوکاریی بریتانییەکانیان دەکرد لەدژی سوپای کۆماری ئێرلەندیی(IRA).[45] ئاغاکان فەوجەکانیان تەیارکرد، بەڵام بەعسییەکان پارەیان بۆ تەرخانکرد، ئەوەی لەڕێگەی ئاغاکانەوە وەک موچە بەجاشەکان دەدرا.





سەدام لەگەڵ ئەم ریوشوێنەدا دەڕۆیشت، چونکە وەک دەڵێن ئەو بۆخۆی دەستی لەکورد شتبوو، بەعەقڵی خۆی ئەو باشترین شتە خراپەکانی هەڵبژاردبوو. ئەو نەیدەتوانی وەک سەرباز لەسوپادا بیانهێڵێتەوە، ئەو دەیویست ئەو بەرگە یاساییەیان بەبەردا بکات کە ئەوان جەنگاوەری حکومەتن و باکووریان "پاراستووە". هەرچەندە، ئاغاکان هەر بەوەندەوە نەوەستان، بەڵکو هەوڵیاندا زێدەتر خۆیان دەوڵەمەندترو بەهێزتر بکەن لەرێگەی وەرگرتنی قۆنتەراتە قازانجبەخشەکان بۆ بنیاتنانی رێگەو قەڵاو بنکە سەربازییەکان لە ناوچەکەدا. پاش ئەوەی سامانی ئاغاکان زێدەتر بوو، خەڵکانێکی زیاترو زیاتریان شوێنی خۆیان خست کە زۆرێکیان کۆنەپێشمەرگە بوون.

ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی کاریکردە سەر کەمبوونەوەی هێزە پارتیزانەکان، لەراستییدا، کە جەماوەری کورد لەم ساتە بەدواوە پشتگیریی عێراقی لەجەنگەکەدا کرد. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پاڵپشتییەکی نەرێنی بوو، بۆنموونە: فەوجەکانی جاش ئەوەیان رەتدەکردەوە کە لەدەرەوەی ناوچە کوردییەکان بجەنگن، ئەوەش واتای ئەوە بوو کە هێشتا بەعس دەبوو تەنیا بەژمارەیەکی کەمی سەربازەوە رووبەڕووی کێشەی پێڕاگەیشتنی بەرەی باشوور ببێتەوە. وێڕای ئەوەش، بە رەتکردنەوە یان بۆچوونەپاڵ عێراق و بەرگرییکردنیان دژی پەلامارو داگیرکاریی ئێران، کوردان وایان لەبەغدا کرد بتوانێت لەجەنگەکەدا بەردەوام بێت.

لەراستییدا، ئاغاکان بەو کارەی کردیان، بەرهەڵستیی کوردیان خستەپەراوێز. ئیدی چیدی بارزانییەکان و یەکێتییەکان بانگەشەو داوایەکیان بۆ رێبەرایەتیی شۆڕشێکی راستەقینە نەبوو، بەڵکو تەنیا لەستاتۆیەکی بەکرێگیراوییدا لەنگەریان گرت کە خۆی لە هاوکارییکردنی ئێرانییەکان دژی گەلی عێراق دەبینییەوە و لەنێویشیاندا برا کوردەکانی خۆیان .

بەسەرنجدان لەم دۆخە، پێدەچێت بێهودە بێت کە قسە لەسەر شتێک بکرێت بەناوی جوڵانەوەی رزگاری نیشتیمانیی کوردییەوە. کوردەکان دەیانویست کە دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان پێکبهێنن، ئەو کاتەی کە دەبوو بیکەن سالی ١٩٨٤ بوو، کاتێک بەعسییەکان لە پەلەقاژێدا بوون لەپێناو مانەوەدا. رێبەرانی کورد بەرازیبوونیان بەوەرگرتنی موچەی بەعسییەکان دەرفەتێکیان لەدەستی خۆیاندا کە پێدەچوو هەرگیز دەرفەتی وایان دەست نەکەوێتەوە.

مرۆ دەتوانێت مشتومڕ لەسەر ئەوە بکات و بڵێت کە ئاغاکان بەشێوەیەکی گەمژانە هەڵسوڕان، یان ئەوان نەیانزانی کە بەرژەوەندیی راستەقینە لەکوێدایە، ئەوەی ئەوان کردیان زیانێکی قەرەبوونەکراوە بوو، ئێمە پێمان وانییە کە ئەمە راستییەکە بێت، بەڵکو ئەوان باش دەیانزانی کە چیدەکەن. ئەوان دۆخێکیان هێنایەئارا کە تێیدا بتوانن بە شێوەو رێگە دێرینە نایاساییەکانیان هەڵسوڕێن، ئەوەی کە حکومەتی ناوەندیی بەراستیی ناچاربێت کە یارمەتییان بدات.

ئەوان رەوشە ئاڵۆزەکەیان بۆ قازانجی شەخسیی ئیستیغلالکردو بەوەرگرتنی قۆنتەراتی بنیاتنانی شەقام و قەڵاو بنکەکان دەوڵەمەندبوون و لەسەر حسابی حکومەت ژمارەی چەکدارە شەخسییەکانی خۆیان زێدەترکردو کارو ئیشی قاچاخچێتیشیان برەوپێدا، ئەو کارەی کە بەئاسانی تەنیا لەکاتی رۆیشتنی دەسەڵاتی حکومەت لەناوچەکەدا ئەنجامدەدرا. لەدۆخێکی وادا، ئاغاکان چ پێویستییەکیان بەدەوڵەت هەیە؟ هەتاوەکو ژیانی کۆمەڵگای کوردیی کەمتر رێکخراوبێت، وەزعەکەی ئەوان هێشتا باشتر دەبێت!! ئەوەش ئەو حاڵەتەیە کە لەبەشی داهاتوودا قسەی زیاتری لەبارەوە دەکەین.

## ڕاپەڕینەکەی دوایی

ئێستا دەمانەوێت مشتومڕ لەبارەی ئەوە بکەین کە دەستبەجێ لەپاش هەڵمەتی "گەردەلولی بیابان" چی لەباکووری عێراق روویدا، کاتێک کە تەواوی کوردان وەک پێدەچوو دژی حکومەتەکەی سەدام راپەڕین؟ ئایا ئەمە راپەڕینێکی رەسەن بوو؟

لەپاش گەردەلولی بیابان، بەدڵنیاییەوە لەباکوور شتێک روویدا، هەرچەندە ئەمە بەوردی کاتی گەرەکە، پێدەچێت کە کوردان بە بانگەوازو داواکارییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان وەڵامدەر بووبن . دەوترێت گوایە لەکاتی هەڵمەتەکەی گەردەلولی بیاباندا، سی ئای ئەی لە ریازەوە، ئێزگەیەکی نهێنیان دامەزراندوە کە داوای لەکوردان کردووە دژی سەدام راپەڕن.[46] کوردیش بەو خواست و ئیرادەیە وەڵامدەربوون.

پاش هەموو ئەمانە، ئەم خەڵکە لەگەل نەریتەکەیان لەشەڕکردن و جەنگاوەریی، لەسەر ئەم جۆرە بانگەشەو ئاماژانەدا راهاتبوون. کوردان وەک بەکرێگیراوێک بۆ شای ئێران و سوڵتانی عوسمانیی، و هەروەک ئێستاکەش بینیمان بۆ بەعسییەکان جەنگابوون، ئیتر بۆچی بۆ ئەمریکییەکان نا؟! بانگەوازێکی روون لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، مەزنترین هێزی باڵادەستی سەرزەوی (لەراستییدا تاکە هیزی دنیاش پاش رووخاندنی یەکێتی سۆڤێت) مەسەلەیەک بوو کە زەحمەتبوو رەتیبکەنەوە. هەربۆیە لە شەوورۆژێکدا کوردان چەکیان هەڵگرت و دەستیان بەسەر شارە سەرەکییەکانی کوردستاندا گرت. ئەوەی شتێک بوو کە لەتەواوی ساڵانی جەنگی ئێران-عێراقدا نەیانتوانی بەدیبهێنن. پاش ئەوەو هەر بەهەمان خێرایی، دەستیان لەو شارانە بەرداو لەکۆڕەوێکی بێوێنەداو بەژمارەیەکی زۆرەوە روویان لە سنوورەکانی تورکیا کرد. لێرەدا چی روویدا؟





پێدەچێت کورد بەچەشنێک سەیری ئەمریکایان کردبێت وەک ئەوەی هەنگوینیان لە کلۆرەداردا دۆزیبێتەوە. واشنگتۆن پاش یەکەمین بانگەشە بۆ راپەڕین رەتیکردەوە کە رێگە لەعێراقیەکان بگرێت هەلیکۆپتەر بەکاربهێنن بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینەکە.[47] ئەم شکستە لە هاتنەنێو کێشەکەوە پشێویی خستەنێو کوردانەوە، ئەوانەی کە ئێستاکە هێشتا دڵنیانەبوون کە لە چ گەمەیەکدان. ئەوان پێش ئەوەی هێرشی گاردی بێزراوی کۆماریی بکرێتەسەریان، بەشێوەیەکی پڕ لەپشێویی هەڵاتن و تەواوی کوردستانیان بۆ دوژمنەکەیان بەجێهێشت. بەو ئاکامەی کە عێراقییەکان بەدەستیانهێنا، ئەوەی کە لەحاڵەتی ئاساییدا بەمەحاڵ دادەنرا، ئەوان سەرکەوتنیان لەناوجەرگەی شکستێکی روون بەدەستهێنا.

ئێمە مل بەوە دەدەین کە زنجیرە رووداوی یەک بەدوایەکی بەو چەشنە لەنێو کورددا نەبێت، لەنێو هیچ میلەتێکی تردا روونادات. دۆخیکی ئەوتۆ کە وا پێدەچێت دانیشتووان و خەڵکەکەی لە ساتێکدا یەکگرتووبن ، دواتر لەحاڵەتێکی پشێوییدا دەتوێنەوە. ئێمە هەستدەکەین کە تەواوی ئەم زنجیرەیە دەتوانرێت لەسەر مەبنای خێڵگەرایی شرۆڤەبکرێت. کوردە خێڵەکییەکان بەشێوەیەکی غەریزی کاردانەوەیان بۆ رووداوەکان هەبوو، کاتێک درکیان بەوە کرد کە سەدام لەلێواری رووخان نزیکبۆتەوە، هەموویان پشتیان تێکرد — ئەوەش شتیکی سادەیە ، چونکە ئەوان بەهەرحاڵ پەیوەستەگییەکی بەهێزیان پێوەی نەبوو، لەهەمان کاتدا سەبارەت بە ئەمریکییەکان، ئەوان پێیان وابوو کە خەریکە وا تەواوی کارەکە دەکەوێتە دەستیان- کاتێک داوای لاگریی لێکردن، ئەوان دەستبەجێ کەوتنەکار، هەروەها کاتێک درکیان بەوە کرد کە خراپ لەحسابەکە حاڵیبوون،بەهەمان خێراییش هەڵهاتن.[48]

## دانوستان لەگەڵ سەدام

دوای کارەساتی کۆڕەوەکەو ئەو رووداوانەی بەدوایدا هات، ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ناوچەی ئارام / پرۆڤاید کەمفۆرت، میدیاکانی رۆژئاوا بەتایبەتی لەتەلەفیزیۆنەکاندا، کەوتە رووماڵکردنی نەهامەتیی کوردەکان. لەچوارچێوەی ئەنجامدانی ئەم کارەدا، پێگەی بارزانی و تاڵەبانیان وەک وتەبێژی کوردان پتەوکرد. دواتریش کە ئەو دووانە رایانگەیاند کە سەبارەت بە رێکەوتننامەی ئۆتۆنۆمی دانوستان لەگەڵ سەدام دەکەن، ئەوە بۆخۆی بێزاریی و نیگەرانییەکی گەورەی دروستکرد.

سەبارە بەمیدیا، ئەمە هەنگاوێکی ترسناکبوو کە دەبوو بگیرێتەبەر، سەدام، بەشێوەیەک دێوێنرابوو کە شتیکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ زۆرکەس کە یەکێک لەگەڵی دابنیشێت. ئێمە هەستدەکەین کە ئەمە دادپەروەرانە نەبوو، بەدرێژایی ساڵان، کوردان لەگەڵ کەسانێکدا دانوستانیان کردووە کە زۆر لەسەدام پۆخڵتربوون. بەهەمان شێوەش، سەرکردەکانی عەرەب دەبوو لەگەڵ چەندان کوردی توندو ناحاڵیی مامەڵە بکەن، ئەوەش مانای وایە کە پەیوەندی و مامەڵەی نێوان ئەو دوو گەلە، بۆماوەی چەندین سەدە، لەدۆخێکدا بووە کە خراپتربووە لەوەکەی ئێستا.

ئێمە لەو دانوستانە فرە نزیکین تاوەکو زۆرباش لێی تێبگەین و بەبایەخی وەربگرین. هەرچەندە قسەکردن لەبارەی روویەک یان دووانەوە دەکەین، چونکە وا بیردەکەینەوە کە ئەوانە دۆخەکە سەبارەت بە کوردان روونەدەکەنەوە. گرنگترین پەرەسەندن کە مایەی سەرنج و سەرسوڕمانە، ئامادەیی و خواستی بارزانیە کە لەگەڵ دوژمنە دێرینەکەیدا، کە سەدام حسێنە، بگەنە رێکەوتن. هەر لەیەکەمین جارەوە ئەو وا خۆی پێشاندا کە ئامادەیی تێدایە سازش بکات. لەراستییدا، پێدەچێت کە بارزانی ئامادەیی تێدا بێت کە بەشداریی لە پرۆسەیەکی بەڕیوەبەرایەتیی جووت لایەنەدا بکات کە تێیدا خۆی و

هێزەکانی ئەمنی بەعس، ئارامیی لەباکووری عێراقدا بێننەدی. لەسایەی ئەم ریکەوتننەدا، قسە لەوە دەکرێت کە بارزانییەکان لەلایەن بەعسییەکانەوە بەچەکی سووک چەکدار بکرێن.





جێگەی سەرنجە، کە تاڵەبانی دژی ئەم بەرنامەو پلانە وەستایەوەو بەرهەڵستی گفتوگۆکانی کرد بەوەی کە ئامادەنین سازش لەسەر ئەو خاڵانە بکەن کە بارزانی پێیان رازی بووە. پێدەچێت تاڵەبانی پێشبینیی کردبێت کە ئەگەر بێتو بارزانی رێکەوتنێکی ئاشتییانە مۆربکات، ئەوا ئەو تووشی دۆڕان دەبێتەوە.[49] لەراستییدا، بارزانی دەبووە "پارێزگار"ی سەدام لەباکوور، هەروەک ئەوەی کە تاڵەبانی لەساڵی ١٩٨٣دا پێی رازی بوو. هەرچەندە، بارزانی بە پێچەوانەی تاڵەبانییەوە لەوە نەدەترسا کە لە لایەن ئاغاکانەوە بکریتە قوربانی. بارزانی عەشیرەتی خۆی هەبوو کە پشتی پێ ببەستێت. بارزانیەکان لەلایەن بەغداوە چەکیان پێ بدرایە، بەئاسانی دەیانتوانی لەدژی ئاغاکان رابوەستن. هەربۆیە، تاڵەبانی لەپیناوی پاراستنی بەشەکەی خۆیدا پێدەچێت دەستی بە کێشەی کوردەوە گرتبێت. هەمان ئەو دۆزەی کە مستەفا بارزانی دەستی پێوەگرت بۆ شکستپێهینانی رێکەوتننامە ئۆتۆنۆمییەکەی ساڵانی ١٩٧٠. ئەو لەسەر ئەو خاڵە پێداگریی کرد، کە ئەم ناوچەیە دەبێت لەچوارچێوەی هەرێمە ئۆتۆنۆمەکەدا بێت. ئەو خاڵەی کە بەغدا ئامادەنەبوو سازشی لەسەر بکات.

هەروەها لێرەدا ئەوە روون نەبوو کە چی روودەدات، ئەگەر تاڵەبانی نەتوانێت لەگەڵ بەغدا رێکەوێت، دەبێت خۆی لەگەڵ لایەنێکی دیکەدا بکاتە هاوپەیمان. ئەو لایەنە هەڵبژێردراوە ئاشکرایەش بریتیبوو لە : هێزەکانی هاوپەیمان، بەتایبەتی : بریتانی و فەرەنسی و هۆڵەندییەکان. بریتانییەکان لەمەدا زۆر لەپێشەوە بوون لە جەختکردنەوە بۆ گرتنبەری چەند رێوشوێنێک بۆ پاراستنی کورد. ئەوان بەئاشکرا لەخواستی سەرکردە کوردەکان بێزاربوون بۆ گفتوگۆو دانوستان لەگەڵ سەدام. بە بڕوای ئێمە تاڵەبانی لەوان نزیکببووەوە، ئەوەش ئەو جەختکردنەوەو سووربوونەی سەبارەت بە لەخۆگرتنی کەرکوک لێکدەداتەوە. لەراستییدا، ئەو مانۆڕی ئەوەی دەکرد کە کەرکوک رادەستی هاوپەیمانەکان بکات.[50]

بەبەستنەوەی کەرکوک بەهەرێمە ئۆتۆنۆمەکەوە، هاوپەیمانەکان کوتەکێکیان بەدەستەوە دەبێت کە دژی بەعسییەکان بەکاریبهێنن.

هەرکاتێک بەعسییەکان ملیان بۆ داواکارییەکانی هاوپەیمانان کەچ نەکردایە، ئەوا هاوپەیمانەکان دەیتوانی بە جیاکردنەوەی هەرێمەکە لەسەرەوەریی عێراقیی، وەک هەڕەشەیەک بەکاریبهێنێت و بیخاتە ژێر پارێزەریی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. ئەگەر ئەمە رووی بدایە، عێراق یەکێک لەدەوڵەمەندترین بیرە نەوتییەکانی لەدەستدەدا. هەرچەندە کەرکوک لەدەرەوەی هەرێمەکە بێت، ئەوا جیاکردنەوەی هەرێمەکە سوودیکی ئەوتۆی نابێت، جگە لەهەندێک شاخ و داخی رووتەڵ و ژمارەیەکی زۆر کوردی سەرکێش و جڵەونەکراو. [51]

لەبەرئەوە، پێداگریی تاڵەبانی بۆ بەستنەوەی کەرکوک بە هەرێمەکەوە، پەیوەستبوو بە پێویستیی ئەو بە پاڵپشتیی هاوپەیمانەکان، ئەوەی چ پەیوەندییەکی بە ئۆتۆنۆمییەوە نەبوو. لەراستییدا، دەتوانرێت بوترێت کە ئەوە گیانی ئۆتۆنۆمی پێشێلدەکرد. ئەوە بریتیبوو لە شیرنکردنی خوانی بەردەم وەلی نیعمەتە گوماناوییەکانی (مەبەستی بەرژەوەندی وڵاتانی سوپای هاوپەیمانە/ وەرگێڕ) .

هەرچەندە، دیارنییە کە بەعسییەکان دەست لەم خاڵە هەڵبگرن و سازشی لەسەر بکەن، ئەوان دووربینانە دەڕواننە مەسەلەکە، ئەوان ئەوە ناکەن کە تەواوی باکوور بەتەواوی رادەستی هاوپەیمانان بکەن. هەربۆیە پێداگرییان لەسەر بۆچوون و هەڵوێستی خۆیان کرد. پێدەچێت کە بریتانییەکان پێشبینی ئەم ئاکامەیان کردبێت و ئەڵتەرناتیڤیشیان وەک پلانی B ئامادەکردبێت. ئەوان گیرفانەیەکی سێگۆشەیان لەباشووری رۆژهەڵاتی تورکیا لەسەر سنووری عێراق پێکهێنا، کە تێکەڵەیەک لە هێزەکانی هاوپەیمانان تێیدا جێگیربوون و هەڵدەسوڕان. (بڕوانە شێوەی ٣)





**Figure 3. Coalition Area.**

هەرکەسێک شەڕی پارتیزانی خوێندبێت، دەزانێت کە پارتیزان بێ بوونی سنووری لایەنێکی دۆست لەپشتەوەی، ناتوانێت لەمەیدانەکەدا بمێنێتەوە. لەئێستادا، کوردان لەم رووەوە لاوازن، چونکە تورکەکان نایانەوێت هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردەوە هەبێت. لەراستیدا، ئەوە تەنیا مانۆڕە سیاسییەکانی "تورگوت ئۆزال"ی سەرۆک وەزیرانە کە لەم کێشەیەدا سوپای تورکیا لە ریزەکەدا هێشتۆتەوە. ئەو گیرفانە سێگۆشەیەی کە لە لایەن ئەوروپییەکانەوە کۆنترۆڵکراوە، لەرێگەی هێزیکی پاڵپشتییەوە کە لە هاوپەیمانەکان پێکدێت، پارسەنگی ئەو کەموکوڕییە دەکات. ئەوان بە ئامادەگییەوە وەستاون بۆ چوونە ناو عێراق، لەکاتێکدا ئەگەر بەعسییەکان هەرشتێک ئەنجامبدەن کە هاوپەیمانان پەسەندی نەکەن.

هەرچەندە، کێشەیەک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت لەرێگەی تورکیاوە پێویستییەکانی ئەم گیرفانەیە دابینبکرێت، دەروازەیەکی تەنگ کە لەئەسکەندەرونە لەباکوورەوەیە بۆ سنووری عێراق. هەروەها دەستەی ئەرکانی گشتی سوپای تورکیی دەتوانێت بەئاسانی ئەم رێگەی دابینکردنی پێویستییە ببڕێت. تاقە بۆسەیەکی پەکەکە بۆ قەرەقوڵێکی تورکیی، وادەکات ژێنڕاڵەکانی تورک تەواوی ئەم تەرحە هەڵوەشێننەوە.[52] هەربۆیە، مەسەلەکە بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر عێراق پێویستە هاوپەیمانان بتوانن کە کورد بپارێزن. ئەوەی کە ناتوانن بیکەن هەتاوەکو دەستیان بە ناوچە کوردییەکەدا نەگات. بوونی ئەو گیرفانەیەی هاوپەیمانان کیشەی دەستڕاگەیشتنی بەو ناوچەیە چارەسەر کردووە، بەڵام ئەوان بی رەزامەندیی ژێنراڵە تورکەکان ناتوانن ئەو کارە بکەن. بەلەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی ژێنڕاڵە تورکەکان لەهەمبەر کوردان، گەیشتنە رێکەوتنێکی هەمیشەیی لەم رووەوە پێناچێت رووبدات. ئەوەی وادەکات کە تەواوی تەرح و پێشنیارەکە زۆر فشەل و لاواز بێت.



# هەڵسەنگاندن

ئێستا ئێمە کە لەدۆخێکداین بتوانین بەگشتی هەڵسەنگاندن بۆ جوڵانەوەی کوردیی بکەین (بڕوانە شێوەی ٤). ئێمە ئەم جوڵانەوەیە بەپەرەسەندنێکی ناجێگیرو لاواز لەقەلەم دەدەین کە ناتوانێت قۆناغی ئێستای تێپەڕێنێت، چونکە پەیوەستەگییەکی بنەڕەتیی بە گەلی کوردەوە نییە.

هەتاکو ساڵی ١٩٦٤، ئەم پەیوەستەگییە هەبوو، وەک ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئۆرگانی سەرەکیی جوڵانەوەکە بوو. ئەجێندای سیاسیشی سەبارەت بەو مەسەلە گرنگە کۆمەڵایەتییانە هەبوو کە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگای کوردیی هەبوو. لەوەش زیاتر، لەگەڵ ئەوەی نیگەرانی کوردان بەشێوەیەکی تەمومژاویی لەگەڵ بەعسییەکان بەڕێوەدەچوو، هیشتا ئومێد بەئاشتەوایی لەنێوان لایەنەکاندا لەئارادا بوو.

بەڵام ئێستا ئەو هیوایە نییە، جوڵانەوەیەکی خێڵەکیی رووت، کە ناتوانێت لەگەڵ بەعس ئاشتەوایی بکات کە پابەندە بە سۆشیالیزم و ئاراستەکردنی ئابووری لەسەرەوە. ئاغاواتەکان پێ لەسەر پاراستنی شێوازە نیمچە دەربەگایەتییە پاوانخوازەکەیان لەژیاندا دادەگرن، ئەوەی کە نەک هیچ بەندو قەیدو کۆنترۆڵێکی تێدا نییە، بەڵکو هەر هیچ کۆنترۆڵێکی تیانییە. باڵاترین ژیانی نموونەیی لەلای ئەوان پشێویی و بەرەڵایی رەهایە. لەراستییدا، عێراق ئێستاکە دوو دەوڵەتە کە لەدوو سەدەی جیاوازدا هەڵدەسوڕێن.

لەم رەدو بەدەڵە، ئەوە مسکێنەکانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگان کە هیچ کەس لێیان ناپرسێتەوە، ئەوان لە سوودمەندبوونی پەروەردەیی و چاکسازییە تەندروستییەکانداو هەرشتێکی دیکە کە بەعس بەعێراقییەکانی داوە پاش ئەوەی لەمانەوەی لەحوکمدا دڵنیابوو، سڕدراونەتەوە. بەلەرچاوگرتنی ئەو گریمانەیەی کە ئێستا ئاغاکان بەرەو ئەوە دەڕۆن دەسەڵات بگرنەدەست و جێگەی خۆیان

لەکۆمەڵگای کوردییدا بچەسپێنن، دەبێت مسکێنەکان لەو دۆخە خراپەدا بمێننەوە کە بەردەوام مامەڵەی خراپیان بەرامبەر بکرێت و بکرێنە رەنجبەرو کۆیلە.[53]

| یەکەم | دووەم | سێیەم | چوارەم |
| --- | --- | --- | --- |
| ٦٤_١٩٤٥ | ٧٥_١٩٦٤ | ٨٨_١٩٧٥ | -٨٨ |

-

١- ماوەی کۆنترۆڵی مەکتەبی سیاسی بەسەر پ د ک
٢-ماوەی کۆنترۆڵی مەلا مستەفا بەسەر پ د ک
٣- ماوەی رکابەری جەلال تاڵەبانی
٤-ماوەی هەژمون و باڵادەستی ئاغاکان

بەم شێوەیە، هەروەک دەبینین - جوڵانەوەی کوردیی – هەروەک ئێستاکە فوی پێدادەکەن، لەبنەڕەتدا خزمەتی بەچینی دەرەبەگ و ئەو بێگانانە کردووە کە هەوڵی شکاندنی دەسەڵاتی بەعس دەدەن. بنکەی دەسەڵاتی جوڵانەوەکە بریتیە لە چینی ئاغا جەنگاوەرەکان و پاسەوانە شەخسییەکانیان. لەرووی مادیشەوە لە لایەن ئەو بێگانانەوە پشتگیریی دەکرێن کە خوازیارن سەدام حسێن بڕوخێنن. سەرکردەکانی کورد ئەمڕۆکە کارێک دەکەن کە جیاوازی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە کوردان چەندین سەدە پێشتر کردوویانە. ئەوش خزمەتکردنی بەرژەوەندیی بێگانەیە وەک بەکرێگیراو لەبەرامبەر پارەدا. ئەوانە تفەنگی بەکرێگیراون، تفەنگی بەکرێگیراویش جوڵانەوە ناخولقێنێ!![54]

لەهەمان کاتدا، دۆخەکە دەتوانێت کە حاڵەتیکی گاڵتەجاڕیی بەخۆە ببینێت. ئاغاکان وەک وەڵامدانەوەیەک بەئەمریکا دژی سەدام راپەڕین و پردی پەیوەندیی خۆیان بە حکومەتی ناوەندییەوە پچڕاند، پێدەچێت

که بارزانی بازی دابێتە ئەو شوێنەی کە ئەوان چۆڵیان کردووە، پێدەچێت پێشنیاری کردبێت وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی لە باکوور ببێتە شوێنگرەوەیان. بۆ بەغدا، ئەم تەرح و بەرنامەیە، شتێک نییە لەپێداچوونەوە بەدەربێت. لەپلەی یەکەمدا، دەبێت کە بارزانی بێتەپاڵی، ئەوەش بۆ رەگەزە لایەنگرەکانی کورد لەرۆژئاوا زۆر شەرمهێنەر دەبێت کە وەک وتەبێژی رزگاریی کوردستان وێنەیان کردووە. هەروەها بۆ ئیسرائیلی و بریتانیی و فەرەنسییەکان و باقی دیکەی پاڵپشتیکارانی ناسیونالیزمی کوردیی سەخت دەبێت کە بەردەوامبن. ئەگەر رابەری جوڵانەوەکە رێکەوتنێکی لەگەڵ دوژمنە سەرسەختەکەی ئەواندا کردبێت. لەم فەزا پشێوەی سیاسەتی عێراقیدا، ئەستەمە بزانی کە بەراستیی ئەمە بەڕێوەدەچێت. دانوستان لەنێوان سەدام و بەرەی کوردستانی هێشتا بەردەوامە (لەکاتی نووسینی ئەم بابەتەدا) و لەوانەیە هەرشتێک رووبدات. لەراستییدا، هەموو لایەنەکان بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک شتێک بکەن جیاوازبێ لەوەی کە لەوەوپێش کردوویانە.

ئەمەش ئێمە بەرەو ئەو پرسیارەی کۆتایی دەبات کە دەمانەوێت مشتومڕی لەبارەوە بکەین، پرسیارەکەش سەبارەت بە : تێوەگلانی ئەمریکایە لەگەڵ کوردان .



## وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کورد

سەرکردە سەربازییەکانی ئەمریکا دەبێت لەوە بەئاگابن کە فەزای ستراتیژی لەباکووری عێراق فرە چالاک و گۆڕاوە. ئاغاکانی کورد لەگەڵ ئەو شێوازە خۆبەرەپێشەشیاندا، بەدەگمەن هاوڕێی باش و چەسپاون. ئەوان درک بەو بەرژەوەندییە خودییە دەکەن کە پێیان خۆشە لەئۆپەراسیۆنی ناوچەی ئارامدا، بەدەستیبهێنن. هەروەها ئەو دەرئەنجامەش نزیکەی بەدڵنیاییەوە لەگەڵ مەبەستی راگەیەندراوی ئیدارەی بوش دا نایەتەوە. ئاغاکان خوازیارن دەست بەسەر باکووردا بگرن و لەدواجاریشدا کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن. ئەوان زۆر گوی بە ستاتیۆو حاڵەتی یاسایی ئەم قەوارەیە نادەن و بەرژەوەندییان تیایدا نییەن هەتا ئەو کاتەی کە دەسەڵاتیان تیایدا هەبێت. هەرئەوەندە کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان کرد، ئەو کاتە، هەتا ئەوپەڕی خێروخۆشی خۆیانی تێدا بەدیدەهێنن و ئارەزوو و ویستی خۆیان تێردەکەن. هەروەها ئەوان تیایدا چەک دەکەنە حاکم و رادەستی پیاوەکانی خۆیانی دەکەن ، ئەو کاتە ئاغاکان دەکەونە کاوێژی کێشە دێرین و شەڕی کۆنەقین و تەسفیەی حساباتی پێشوو، بەوەش شەڕێکی نێو خێڵەکیی دووبارە هەڵدەگیرسێتەوە.


دۆخەکەی باکووری عێراق بەجۆرێک داگیرساوە کە بەدڵنیاییەوە ناجێگیریی بۆ تورکیا دێنێتەئارا، ئەوان کە فرە نیگەرانن لەتەقینەوەی دانیشتووانە هورووژاوەکەی خۆیان. ئەوەش تورکان هاندەدات ئەو بۆشاییەی دەسەڵاتە پڕبکەنەوە لەباکووری عێراق. لەرووی سەربازییەوە، ئەگەر ئەمە رووبدات، دەتوانین پێشبینی گورزێکی پێچەوانە بکەین لەلایەن ئێرانییەکانەوە. ئەوانەی کە لەکشانی دەسەڵاتی ناتۆ بۆ ناوچەی نفوزی خۆیان دەترسێن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێویستی بەم سەرئێشەیە نییە.

لەپاش یەکەمین جەنگی جیهانیی، بریتانییەکان لەهەوڵێکدا بۆ زامنکردنی نەوتی کەرکوک بۆ خۆیان، دۆزێکیان بەناوی "شێخ

مەحمود "ەوە خستەگەر، کە ئاغایەکی کوردی توندو بەهێز بوو.[55] پاش ئەوەی کە لەدژی تورکان پشتگیرییان کرد کە ئەوکات دەسەڵاتداری ئەم ناوچەیە بوون کە ئەمڕۆ بەکوردستانی عێراق ناودەبرێت. دواجار بریتانییەکان مەحمودیان رووخاند، چونکە بینیان کە کەسیکی سەرکێشەو بەتەواویی جڵەونەکراوە.

لەواقیعدا، مەحمود گازی لەو دەستە گرت کە خواردنی کرد بەدەمێوە، ئەو خۆی بە "پاشای کوردستان" راگەیاند و هەوڵیدا بریتانییەکان لە مەملەکەتەکەی بکاتە دەرەوە. ئێمە پێمان وایە کە ئەمڕۆکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خەریکە هەمان مێژوو دووبارە بکاتەوە.

بە دڵنیاییەوە، ئیدارەی ئەمریکا بڕیار دەدات کە بەردەوام بێت لەپێدانی پاڵپشتیی. ئەو کاتە سوپای ئەمریکا بەدڵنیاییەوە پشتگیریی سەرۆک دەکات، بەڵام پێویستە سەرکردەکانی سوپا لەوە ئاگاداربن کە ئەوە دۆخیکی مەترسییدارە خۆمانی تێوە دەگلێنیین و دەشێت مرۆ زۆر بەوریاییەوە لەگەڵ ئەمەدا مامەڵە بکات. ئەم بابەتە ئەوەنە سادەو دڵخۆشکەر نییە وەک ئەوەی میدیا یان هەندێک کەس لەکۆنگرێس لەبارەیەوە دەدوێن.







# تێبینییەكانی كۆتایی

[1] - مەبەســــتمان لەمە ئەوەیە كە كـــــوردان نەریتـــــی دێرینیــــانە كە شــانازیی بە ئــازایەتیی و گیــانی جەنگــاوەرییەوە دەكــات. چــالاكی باویــان بەدرێژایـــی ســـەدەكانی رابـــردوو، خزمەتكـــردن بـــووە وەک كرێگـــرتەی ســـەربازیی لەســـوپاكانی رۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت و باشـــووری قەفقاســـدا. كـــاتێكیش نەگلێـــنە نێـــو ئەو ســـوپایانەوە، لەرێـــگەی قاچـــاخچێتیی و شـــێوازی دیـــكەی جۆراوجـــۆری چەتەگەریـــی، ژیـــانی خۆیـــان دەگـــوزەرێنن. ئەم ســـەرقاڵبوونە بەكـــاری توونـــدوتیژی ســـەراپا ژیـــانی كـــوردی گرتـــۆتەوە. ئەو پەنـدەی كـوردییەكەی كە دەڵێت"منـداڵی كـورد بـۆ سـەربڕین/ بەرخـی نێـر بـۆ سەبڕین(وەرگێڕ)" رەنگدانەوەی ئەم دۆخەیە.

[2] - ئاغـــا لەعەرەبییـــدا بە شـــیخ و ســـەید و گەورە دێـــت، ئەوان لەراســـتییدا گەورەی عەشـــیرەت و خێڵەكـــانن. پـــێگەی ئەوان لە رابـــردوودا پشـتی بە توانــای ســـەربازیی دەبەســت، پــاش گـــۆڕینی یاســای موڵكــایەتیی كە لەخـــوارەوە باســـكراوە، زیـــاتر لەســـەر چینـــی خـــانەدان دەژمێـــردران و وتەبەێـــژی كۆمەڵەكەیـــان بـــوون لەلای حكـــومەت و هەتـــا بڵێـــی دەوڵەمەنـــد بـــوون (بـــڕوانە تێبینـــی ژمـــارە ١٤) . ئەوان لەشـــكڵ و شـــێوەدا نەریتیـــین و پێدەچێت كۆنەپەرستیش بن.

[3] - مســـكێن، عەرەبییـــە و مانـــای هەژار، دامـــاو یـــان لێقەومـــاوو زەلیـــل دێـــت، لەســـایەی سیســـتمی چینـــایەتی باڵادەســـت لەكوردســـتاندا، ئەوانە لەهەرە خـــوارەوەی پلەبەنـــدیی لە كۆمەڵگـــادا. ئەوان لەشـــێوەدا، رەگەزێكـــی جیـــان لەچیـــنە جەنگـــاوەرەكە كە لەبنەڕەتـــدا لە ئاغـــاوات و پێشـــمەرگە پێكـــدێن كە پاشـــان مشـــتومریان لەبـــارەوە دەكرێـــت. بـــۆ مشتومڕلەســـەر مســـكێن بـــڕوانە كتێبەكەم:

*The Kurds: An Unstable Element in the Gulf*, Boulder, CO: Westview Press, 1984; also Hannah Batatu, *The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq*, Princeton, **NJ:** Princeton University Press, 1978.

[4] - لەوانەیە دیـــاردەیەک نەبێـــت لەژیـــانی كوردیـــدا هێنـــدەی چەمكـــی پێشـــمەرگە هەڵەتێگەیشـــتن لەبـــارەیەوە هەبێـــت. میـــدیا ئەوانـــی وەک جەنگـــاوەرانی بەرگریكـــاری خۆتەرخـــانكردوو وینـــاكردووە (چەمـــكەكە وا

وەردەگیرێت کە کەسێک ئامادەی مەرگ بێت). هەروەها بەم ناوەوە ئامازە بۆ هەموو ئەوانە دەکرێت کە دژی بەعس جەنگاون. لەراستییدا، ئەم چەمکە لەساڵانی ١٩٦٠کانەوە بەکارهاتووە وەک ئامازەیەک بۆ ئەو کەسانەی کە لەرووی سیاسییەوە بە پ د ک ەوە پەیوەستبوون. بەوەش پابەندبوونی ئایدیۆلۆژیی سیمای جیاکەرەوەی پێشمەرگە بووە. لەم توێژینەوەی ئێمە مەبەستمانە کە بڵێین : ئەم جۆرە پابەندبوونە بەتەواوەتیی لەنێو کورددا دیارنەما و چیدی چەمکی پێشمەرگەش بایەخیکی ئەوتۆی نەما.

[5] - ئەو سێ جارەی ئاماژەمان بۆ کردووە بریتییە لە تێوەگلانی کوردان لەکۆماری مەهاباد لەپاش دووەمین جەنگی جیهانیی، کە رووبەڕووبوونەوەی لەنێوان ئەمریکا و سۆڤێتدا وروژان. هەروەها بەشداریی کوردان لە پیلانگێڕیی شای ئێران بۆ رووخاندنی بەعسییەکان لەساڵی ١٩٧٥، دواجاریش ئۆپەراسیۆنی ناوچەی ئارام / پرۆڤاید کەمفۆرت.

[6] - سوڵتان، کوردانی لەهێزی سوارەی غەیرەنیزامییدا رێکخست کە پێی دەوترا "سوارەی حەمیدیە" کە پاشان پەلاماری ئەرمەنییەکانی پێدان. بۆ مشتومڕی زیاتر، بڕوانە:
*The Encyclopaedia Britannica*, New York: Encyclopaedia Britannica Co., 1911, s.v. "Kurds."

[7] - سەربڕینی ئاسوورییەکان لەلایەن سمکۆ ئاغای سەرۆکی کوردەوە بوو، بۆدرێژەی ئەم رووداوانەو ئەوەی بەدوایدا هاتووە، بروانە:
*The Kurds: An Unstable Element in the Gulf;* also Hasan Arfa, *The Kurds*, London: Oxford University Press, 1966.

[8] - یەکێک لە ئامازە دێرینەکان "٤٠٠ ساڵ پ.ز" بۆ گەلێک کە بڕوا وایە کورد بن بۆ ئەناباسیسەکەی زەینەفون دەگەڕێتەوە. ئەو باس لەوە دەکات گوایە خێلێک بەناوی کاردۆخۆی هێرشیان کردۆتە سەر گریکەکان کاتێک لە پێرشیاوە / ئێران پاشەکشەیان کردووە. ئەم پەلامارە لەچیاکانی زاخۆ روویداوە کە زێدی کوردانە. ئەم راستییە، وێڕای لێکچوونی ناوەکان، پێچدەچێت ئامازە بێت بۆ ئەوەی کە ئەمانە لەراستیدا

باپیرانی کوردانی ئێستاکەن.

[9] - بڕوانە:
""Europeans Call for Kurdish Enclave in Iraq," *The New York Times*, April 9, 1991.

[10] - حیزبی دەسەڵاتدارە لەعیراق، بۆ مشتومڕ سەبارەت بەمیژووی نوێی بەعس، بروانە:
Stephen C. Pelletiere, Douglas V. Johnson II, and Leif R. Rosenberger, *Iraqi Power and U.S. Security in the Middle East*, Carlisle Barracks, PA: Strategic Studies Institute, 1990; also Phebe Marr, *The Modern History of Iraq*, Boulder, CO: Westview Press, 1985.

[11] - تێوەگلانی میدیاکانی رۆژئاوا لەگەڵ کوردان بۆ سەرەتای شەستەکان دەگەڕێتەوە کاتێک پەیامنێری نیۆرک تایمز (دانا ئادەم شمیدت) سەردانی مەلامستەفا بارزانی کرد لەباکووری عێراق و زنجیرەیەک وتاری جددیی بۆ تایمز نووسی کە دواتر فراوانیکردو کردیە کتێبێک، بڕوانە:
*Journey Among Brave Men*, Boston: Little Brown & Co., 1964.
لەپاش شمیدت، ژمارەیەکی زۆر لەرۆژنامەوان سەردانی باکووری عێراقیان کرد. هەموو ئەو رۆژنامەوانانە، بێ ئەوەی دەانەیەکیشیان لێ دەربکەی، بەجۆرێک مامەڵەیان لەگەل چیرۆکەکەدا کردووە وەک ئەوەی چیرۆکێکی سەرەڕۆیی و پیلانگێڕیی سیاسیی بێت. هەروەک لەخوارەوە رووندەکەینەوە. مامەڵەی میدیا بۆ خەباتی سیاسی کورد شتێکی سادەیە.

[12] - لەکۆمەڵگەیەکی داخراوی وەک عێراقدا، ئەستەمە سامانی گروپگەلێکی تایبەت بزانیت. ئێمە دەتوانین کە بیرۆکەیەکمان لەباسی "رەوشی مادیی" ئاغاواتەکە هەبێت لەرێگەی ئەو چاوپێکەوتنە میدیاییانەی لەکاتی پرۆسەی پرۆڤاید کەمفۆرتدا لەگەلیاندا کراوە. بڕوانە:
*The Washington Post* of April 17, 1991.
تیایدا ئاغایەک شانازیی بەوەوە دەکات (وا خۆی دەناسێنێت کە لەبواری کشتوکاڵدا کاردەکات) کە یەکێک لەمەزنترین کۆشکەکانی لەزاخۆدا هەیە

(ئەوەی چوار باخی گەورەی تێدایە) . هەروەها بڕوانە:
*The Washington Post* of April 7, 1991,
کە سەۆک خێڵێکی تێدایە دەلیت گوایە خاوەنی ١٢٠ گوندە.

[13] - کوردان مەیلی سۆفیگەراییان تێدایە کە خۆی لەدوو تەرقەتدا دەبینێتەوە ئەویش: قادری و نەقشبەندییە. تەریقەتەکان لەچەند شوێنێک تەکێ و خانەقایان هەیە کە نوێژکەری تێدا کۆدەبێتەوە. سۆفیزم وەک ئەوەی خوێنەر دەبێت بەئاگا بێت، رێگەیەکە بۆ خواپەرستی لەسایەی ئیسلامدا. زۆرینەی کورد سوننین و سوننەش مەزهەبێکە.

[14] - هاوپەیمانەکان لەدووەمین جەنگی جیهانییدا، ئێرانیان داگیرکرد بۆئەوەی ئاسانکاریی بۆ گەیاندنی یارمەتییەکان بۆ یەکێتی سەۆڤێت بکەن. سۆڤێتییەکان بەشی باکووری ئێران و بریتانییەکانیش بەشی باشووریان داگیرکرد. پاشان رەزاشای ئێرانیان لەکارخست و بۆباشووری ئەفریقا دووریان خستەوەو لەوێ مرد. ئەوەش بەو هۆیەی کە هاوسۆزیی لەگەڵ بەرەی ناوەند هەبوو. بریتانیەکان پاش جەنگ لەناوچەکەی خۆیان پاشەکشەیان کرد، بەڵام سۆڤێتییەکان لەداگیرکارییدا مانەوە بەو پاساوەی کە کۆمارە جیابۆوەکان پێویستیان بە پاراستنە.

[15] - کۆمارەکە زادەی چەند کوردێکی مەهابادیی بوو، ژمارەیەکی کەم لەرۆشنبیران و هەندێک موڵکداری چینی سەرەوەی کۆمەڵگاو لەگەڵ رابەرێکی ئاینی دەرکەوتە. ئەمانە لەئاست سوپاکەی شادا نەبوون (محەمەدرەزای کوڕی رەزاشا کە هاوپەیمانان لەدوای باوکی خستیانەسەر تەخت). کاتێک بارزانییەکان دەرکەوتن، رێبەرانی کۆمار و هەروەها روسەکانیش پێشوازییان لێکردن . سۆڤێتییەکان خوازیار نەبوون کە سوپای سۆڤێتیی لەدژی هێزەکەی شا بەکاربهێنن. بۆ زیاتر سەبارەت بە کۆمارەکەو رۆڵی بارزانییەکان لەکێشەکەدا، بڕوانە:
William Eagleton Jr., *The Kurdish Republic of 1946*, London: Oxford University Press, 1963.

[16] -وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەسایەی سەرۆک ترومانددا، هەڕەشەی بەچەکی ئەتۆمی دژی سۆڤێت کرد ئەگەر بێتو لە ئێران نەچنەدەرەوە. چەند توێژەرێک ئەم رووبەڕووبوونەوەیە بەسەرەتای جەنگی سارد دەزانن.

[17] - ئەم پاشەكشــەیە بــۆتە بەشــێک لە زانیــاری زارەكیـــی كـــوردان، هاوشـــێوەی ئەو پاشەكشـــە پرشـــگندارەی ســـەرۆكی هینـــدییە ســـورەكانی ئەمریكــا 'جۆزیــف لەخێڵــی پرســی نــاز' بــۆ كەنەدا، یــان – هەرچەنــدە بەو شــێوە بەرفــراوانەش نیــیە- وەک ئەوەی پێشــتر ئاماژەمــان پێــدا ســەبارەت بە پاشەكشەی ١٠٠٠٠ یۆنانییەكە لەژێر سەركردایەتیی زەینەفوندا.

[18] - سەبارەت بە مانەوەی بارزانی لە روسیا، بڕوانە:
Dana Adams Schmidt's *Journey Among Brave Men.*

[19] - حیزبـــی شــیوعی عێــراق لە ســاڵانی ١٩٤٠كــان و ١٩٥٠كانــدا دەسەڵاتێكی بەرچاوی هەبوو، بۆ زیاتر بروانە:
Hanna Batatu, *The Old Social Classes and Revolutionary Movements of Iraq.*

[20] - شـــای ئێـــران، ســـەرۆک نیكســـۆنی قەنـــاعەت پێكردبـــوو كە بەعســـییەكان دەســـەندەیەكی ســـۆڤێتیین و دەیانەوێــت دەســت بەســەر كەنــداودا بگــرن. بۆزیــاتر ســەبارەت بە تێــوەگلانی شــای ئێــران و ســی ئــای ئەی لەگەڵ كوردان، بروانە:
th House Select Committee on Intelligence report (the Pike report) published in *The Village Voice*, February 23, 1976; also Phebe Mrr *The Moden History of Iraq*, and Edmund Ghareeb *The Kurdish Question in Iraq*, Syracuse, NY: The Syracuse University Press, 1981. Also see *The Washington Post*, April 3, 1991.

[21] - ئەو هاوكـــارییەی كە ئەمریكـــا پێشەشكەشـــیكردن زۆر نەبـــوون، تەنـــــای چەک بـــــوون بە بـــــڕی ١٦ ملیـــۆن دۆلار. ئیســـرائیل چەكەكەی لەگەنجینەی خۆیەوە دابیندەكردو دواتر واشنگتۆنیش پارەكەی دەدا.

[22] - بۆ مشتومڕ سەبارەت بەم رووداوانە، بروانە:
*The Kurdish Question In Iraq.*

[23] دانیشــتووانی عێــراق لە ١٨ ملیــۆن نزیــک دەبــنەوە، کە ٥٥% یــان عەرەبــی شــیعەن، چارەکێکیــان عەرەبــی ســوننەن و ئەوەشــی دەمێنێــتەوە بەگشــتی کــوردن. وێــڕای ئەوەش، ســوپای عێراقیــی بەدرێژایــی مــاوەی جەنــگ ٦٥%ی لە عەرەبــی شــیعە پێکــدەهاتن، ئەوەش دۆخــێکە تــاڕادەیەک ئەو راســتییە پێچانــدەدات کە کــوردان بەگشــتی، خزمەتــی ســەربازییان رەتدکردەوە.

[24] - ژمــارەی کــوردان ناتوانرێــت پشتپێبەســتراو بێــت چــونکە لەهەمــوو وڵاتەکانــدا رێحەزێــک هەیە بــۆ کەمپێشــاندانی ژمارەکەیــان. ئــێمە لەو بــاوەڕەداین کە لە تورکیــا ١٠ ملیــۆن و لە ئێــران ٤ و لە عێــراق ١،٢٢ و لە سوریا ٥٠٠٠٠٠ و لەروسیاش ٥٠٠٠٠کورد هەن.

[25] - جــــوڵانەوەکە لەلایەن عەبدولڕەحمانقاســـملووە کە موڵکـــداریکی زەوی کـــوردی ئێرانـــی بـــوو، ســـەرکردایەتیی دەکـــرا، ئەوەی پاڵپشـــتی لەموســـەدیق کـــرد کە ســـاڵی ١٩٥٣لابـــرا. قاســـملۆ هەڵات بـــۆ بلـــۆکی رۆژهەڵات و بــۆ مــاوەیەک شــارەزای ئــابووری بــوو لەســایەی حــوکمی دۆبیچــک لە چیکســلۆڤاکیا. لەکــاتی هەڵگیرســاندنی شۆڕشــی خــومەینی گەڕایەوە بـــۆ ئێـــران. پـــاش ئەوەی جـــوڵانەوەکەی قاســـملو لەلایەن بارزانییەکــان و پاســدارانەوە تێکشــکێندرا، ئەو گەڕایەوە بــۆ ئەوروپــاو لەوێ لەلایەن چەند ئاژانسێکی ئێرانییەوە تیرۆرکرا. بۆزیاتر بڕوانە:
*The Kurds. An Unstable Element in the Gulf.*

[26] ئەســـەد لەم کـــاتەدا لەگەڵ تورکانـــدا ســـەبارەت بە ئـــاوی فـــورات لەکێشـــەدا بـــوو. تورکـــان خەریکـــی بنیاتنـــانی بەســـتێکی مەزن بـــوون کە دەیتــوانی بەشــەئاوی ســوریا لەرووبــاری فــورات کەمبکــاتەوە، ئەوەی ئەســەد بەتونــدی دژی وەســتا بەڵام ســوودێکی نەبــوو. ســەبارەت بەمیــژووی پــارتی کرێکارانی کوردستان و کێشەی سوریا لەگەڵ تورکان، بڕوانە:
Michael M. Gunter's *The Kurds in Turkey*, Boulder, CO: Westview Press, 1990.

[27] - ســوپای تورکیــا کیــنەی خــۆی بەرامــبەر بەکــورد بەمیــرات لە مســتەفا کەمــالی دامەزرێــنەری تورکیــا بــۆ مــابووەوە. ئەوەی نەتەوەی تــورکی لەژێــر داروپەردوی ئیمپراتــۆری کــۆنی عوســمانیی رزگــارکرد. بــۆئەوەی

ئەمە بکات ناچاربوو بەکردار کە هەموو موڵکی ئیمپراتۆرییەکە رادەستبکات، بەڵام ئەو بەتوندیی دەستی بەنیمچە دورگەی ئەنەدۆڵەوە گرت. کاتێک ئینگلیزەکان ویستیان بەهاندنی کوردان بۆ شۆڕش ئەوەشی ماوە دابەشییکەن، ئەتاتورک لەڕێگەی سەرکوتکاریی توندوتیژەوە، شکیتییپێهێنان.

[28] - بەلەبەرچاوگرتنی زیرەکیی ئەسەد، سەختە ئەوە ببینین کە بۆچی ئەو ئەم ئەنجامەی پێشبینی نەدەکرد. بەدڵنیاییەوە ئەو مەبەستی بوو کە ئەمە بکات، واتە ئەوەی ئێرانییەکان بەرەیەکی دووەم بکەنەوە، ئەیزانی ئەگەر ئەوە بکەن لەوانەیە عێراق بشکێنن و بیکەنە کۆمارێکی ئیسلامیی. هەرچەندە ئەمە سیاسەتێکی میکاڤیلییانەیە.

[29] - وێڕای ئەوەی تورکیا بەهەڕەشەی چوونە پاڵ عێراق لەجەنگەکەدا، دەیتوانی هەمیشە ئێران بخاتە بە چۆکدا بێنێت لەڕێگەی هەڕەشەکردن بەداخستنی سنوورەکان لەبەردەم هاوردەکانی ئێراندا. پێداگیریی توند لەسەر خاڵی گومرگەکان دەکرا خنکاندنێکی گەورەی هاتوچۆ لەسەر ڕێگای ئەو تریلانە دابنێت کە بەدرێژایی چەندین میل لەسەر سنوور بوون.

[30] - جەلال تاڵەبانی، لەچلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، لەرووی سیاسییەوە پێگەیشت. کاتێک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاتێک وڵاتانی رۆژهەڵات بەتایبەتی عەرەبییەکان و ئێران، بەرەو چەپ دەرۆیشتن و سەرکردەی نەتەوەیی هاوشێوەی جەمال عەبدولناسر بناغەی شێوازی رادیکاڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دادەڕشت. ئەوەی کە مرۆ راشکاوانە دەبێت دژی موڵکایەتیی و سامانی زەمینداران بەوەستێت و کیشەی خەڵک لەئەستۆ بگرن. پارتی دیموکراتی کوردستان، لەرۆژانی بەراییدا فرە رادیکال بووو بانگەشەی بنیاتنانەوەی تەواوی کۆمەڵگای دەکرد.

[31] - لەراستییدا، رژێمە خێڵەکییە کۆنەکە یەکەمجار لەرۆژانی کۆتایی ئیمپراتۆریی عوسمانیی کەوتەبەرپەلامار. کاتێک سوڵتان بڕیاریدا کە هێزی سەربازی رێکبخاتەوە. ئەوان درکیان بەوەکرد کە چیدی پێویستیان بە سوارەی کوردیی نییە. ئەوان کەوتنە چەسپاندنی

مولْكـــايەتی تـــايبەت بـــۆئەوەی كـــوردان ناچـــار بەنيشـــتەجێبوون بـــكەن و بەئاســـانی بـــۆ خزمەتكـــردن لەســـوپادا بيـــانخەنە ژێربـــار. بريتانييەكـــان لەم رووەوە لەوە زيـــاتر هەنگاويـــان نـــا، ئەوان بەتەواوی و بەشـــێوەيەكی ياســـايی، مولْكی خێلْيان گواستەوە بۆ ئاغاكان.

[32] - بەپاســـەوانی ئاغاكانيـــان دەوت "پـــێش مـــالْە"، ئەوە روونە كە ئەم چەمكـــی پێشـــمەرگەيەی كە ئەمـــڕۆ بەكاردێـــت لەمەوە وەرگيـــراوە. بـــۆ زيـــاتر ســـەبارەت بە بەم ديـــاردەی پاســـەوانە شەخســـييانە لەعێـــراق، بـــروانە كتێـــبەكەی حەنا بەتاتۆ :

*The Old Social Classes and Revolutionary Movements in Iraq*

.

[33] - قاســـم ويســـتی بەرگێكـــی بەدەزگـــاييكردن بە بەری كۆمەلْگـــای كورديـــدا بكـــات بەدانـــانی بـــارزانی ، كە هەســـتيدەكرد مەيلـــی بەلای خۆيـــدا هەيە، لەپێگەی سەرۆكی پارتی ديموكراتی كوردستاندا.

[34] - بـــارزانی مەكتەبـــی سياســـی بەجۆرێـــك لەســـەر بنەمـــای خەتـــی كـــارگێڕيی ريكخســـتەوەو لەو پرۆســـەيەدا پلەبەنـــدييەكی بـــۆ خێلەكـــان دانـــا كە لەلايەن ئاغاكانەوە ئەو پێگانە پڕكرايەوە.

[35] - كاتێـــك لەســـالْی ١٩٦٤دا ســـەردانی كوردســـتانم كـــرد، لەگەلْ تالْەبـــانی و ئيبـــراهيم ئەحـــمەد دا ديـــدارم كـــرد. ئەوان بەشـــێوەيەكی كـــاتيی لەتـــاران لەژێـــر پاراســـتنی شـــای ئێرانـــدا بـــوون. پـــاش ئەوەی بـــارزانی لەعێـــراق دەريكردبوون . بۆزياتر سەيری كتێبەكەم بكە:

*The Kurds: An Unstable Element in the Gulf.*

[36] - وێـــرای ئەو هەرايە لەســـەر كەركـــوك بەلاَم خـــالْی نـــاكۆكيی هەميشـــە لەســـەر چـــۆنێتی ئيـــدارەكردنی هەرێـــمە ئۆتۆنـــۆمەكە بـــوو. مـــن جەخـــت لەمە دەكەمەوە بەهـــۆی ئەو ديـــدە ناڕاســـتەی كە گـــوايە تەنيـــا كەركـــوك جێگـــای بـــايەخ بـــووە! ئەگەر مـــرۆ بەدواداچـــوون بـــۆ بـــۆ گفتوگۆكـــان ســـەبارەت بە ئۆتۆنـــۆمی بكـــات، (بيـــرۆكەكەی لەگەل بەعـــس نەپشـــكوتووە بەلْكـــو رژێـــمە عێراقييەكـــانی پێشـــوو لەگەلْيـــدا لەململانێـــدا بـــوون) دەبينێـــت كـــكە هەردوولا بەردەوام ســـــەبارەت بە ئيـــــدارەكردنی نـــــاوچەكە شكســـــتيانهێناوە. ئەوەش

خـاڵیکی بنەڕەتیـیە چـونکە ئەوەی نـاوچەکە بەڕێوەبەرێـت دەتوانێـت بلێـت کە چۆن یاسای کۆمەڵایەتیی جێبەجێدەکرێت.

[37] ـ لەمـاوەی دیـدارەکە لەگەڵ ئیبـراهیم ئەحـمەد لەتـاران پێـی وتـم کەبـارزانی "پیـاوی خێـڵ و عەشـیرەتەکانە". ئەو تەنیـا خەمـی عەشـیرەتەکەی خـۆیەتی و لەریفـۆرمی زەوی نـیگەران و بێزاربـوو کە دەیتوانی شێوە ژیانی عەشیرەتیی و خێڵگەرایی کۆن لەنێوبەرێت. بڕوانە:
*The Kurds: An Unstable Element in the Gulf.*

[38] ـ هەروەهـا ئەم نـاوچەیە شـوێنی دەروازەیەک بـوو بـۆ لە سـی دەروازەکەی چیـای زاگـرۆس، کە بـایەخی سـتراتیژیی بەلای بەعسییەکانەوە زێدەتر کردبوو.

[39] ـ پـاش ئەوەی تاڵەبـانی لەسـەدام جیـابۆوە، گەڕایەوە بـۆ لای ئۆپۆزسـیۆن، ئەو بۆمـاوەیەک وای راگەیانـد کە ماویسـتە، ئەو پێـی وتـم هەرچەنـدە وێـڕای پەسـەندکردنی بـۆ تاکتیکەکـانی رێکخسـتنی کۆمۆنیسـتی، ئەو ئەنـدامی حیزبێـک نەبـووە زیـاتر لەوەی کە رۆشـنبیریکی مارکسـییە. بەپـێچەوانەوە، بارزانییەکـان هەمیشـە پێـداگربوون لەسـەر رووە ئـاینییەکەی خۆیـان و پۆڵیشـی دەکەنەوە. ئەوەی پێگەیەکـی باشـتری پێـدابوون لەلای ئێرانییەکـان. ئەوەمـان لەبیربێـت کە عەشـیرەتەکە لەلایەن شـێخێکی سۆفیگەراوە، دامەزرابوو.

[40] ـ بـۆ مشـتومر سـەبارەت بە کیشـەی تەیـارکردن لەلایەن بەعسییەکان، بڕوانە:
*Iraqi Power and U.S. Security in the Middle East.*

[41] ـ تەنیـا بەنـاو ئەمە دەڵـین چـونکە پێـدەچێت پشـتگیریی ئاغاکـان بەشـێوەیەکی نەرێنـی بێـت، واتە بەڵێنیـان دابـوو کە نەچـنە پـاڵ ئێـران. ئەگەر عیراقییەکـان دەیانەوێـت ئەمـان چالاکـانە بجەنگـن، ئەوە دەبێـت لەپێنـاو ئەوەدا پارەی زیاتر بدەن.

[42] ـ فورسـان عەرەبیـیەو واتـای سـوارە، ئەمە بەدڵنیـاییەوە ئامـاژەیەکە بـۆ ئەو گـروپەی بەنـاوی "فرسـان صـلاح الـدین" نـاونرابوو. ئەو جەنگـاوەرە

کوردانەی خاچهەڵگرەکانیان شکاند.

[43] - ئەوەی کە کـێ نـاوکی ئەنـدامێتی ی ن ک پیکـدەهێنێت بۆخـۆی گـرنگە. بەڵـگەی ئەوە هەیە کە کـۆڵەکەکەی کـوردی فەیلـی بـوون. فەیلییەکـان لەنێـو کـورددا نـاوازەن، ئەوان تەنیـا گروپـی شـیعەی نێـو کـوردانن. شـا لەئێـران دەریکـردن و پەنایـان بـۆ عێـراق بـرد، هەتـا ئەوەی بەعـس هـات و قەدەغەی کـردن . ئەوانـیش وەک بارزانییەکـان بـی زەوی بـوون. ئەوەی جـێگەی بـایەخە ئەگەر هەردوو گـروپە جەنگـاوەرەکە لەنێـو جـوڵانەوەی سیاسی کوردییدا لەمەیدانەکە دەرکراو و بێزراو بوون.

[44] - بـۆ مشـتومڕ لەروشـی ئەو ئاغایـانەی کە دەوترێـت گـوایە پێشـتر پیـاوی سەدام بوون، بڕوانە:

*The New York Times*, April 27, 1991,

[45] - جـاش واتە بەچـکەکەر، ئەوەش وەک سـوکایەتییە بە فورسـانەکان دەوترا کە بەعەرەبی بە کوردانی لایەنگری حکومەت دەوترا.

[46] - بڕوانە :

*The New York Times*, April 16, 1991,

هەروەهـا رادیـۆیەک هەبـوو کە بە سـی ئـای ئـیەوە پەیوەسـتبوو بانگەشـەی بـۆ عێراقییەکان دەکرد کە دژی سەدام حسێن راپەڕن. هەر وەها بڕوانە:

*The Washington Post*, April 7 and 9, 1991.

[47] - بڕوانە:

*The New York Times,* April 30, 1991 "Bush Refusr to Back Rebels."

[48] - ئەمە رێـک ئەو ئاکـارەیە کە مـرۆڤ لە بەکرێگـرتە چـاوەڕیی دەکـات. لەوەش زیـاتر، کـوردان بەدرێژایـی میـژوو چەنـدین جـار بەم شـێوەیە خەڵەتێنـراون و پشـتیان تێکـراوە. لەپـاش یەکەمـین جەنگـی جیهـانیی، ئەوان پشـتگیریی بریتانییەکانیـان کـرد کە دواجـار لەنـاوچەکە پاشەکشـەی کـرد. ئنجـا کـوردان بەلای تورکـدا بایانـدایەوە، ئەو تورکـانەی دەسـتبەجی کەوتـنە تۆڵەسـەندنەوە لەکـوردان بەهـۆی هەڵوێسـت گۆڕینیـانەوە. بەبـوونی پێشـینەیەکی ئەوتـۆ، شـتێکی ئاسـاییە کە پشـتتێکردن و خەڵەتانـدنیان لەلایەن ئەمریکاوە ، ئەم هەڵاتن و راکەراکەی لێ بکەوێتەوە.

[49] - هنـــدەرێکی بەهێـــز هەیە کە بـــارزانی ئەم کـــارە بکـــات، ئەمە ریـــگەیەکە بـــۆ گێـــڕانەوەی زەوی بـــۆ عەشـــیرەتەکەی. لەقۆنـــاغی ئێســـتاکە عەشـــیرەتەکەی لەقۆنـــاغی بیرچـــوونەوەدایە، ئەگەر ســـەدام رازی بێـــت بیـــانگریتەخۆی، بەو دەرئەنجـــامەی کە بارزانییەکـــان و بەعســـییەکان پـــێکەوە سەرپەرشـــتیی بـــاکوور بـــکەن، ئەوکـــات عەشـــیرەتی بـــارزانی نـــاوچەیەکی بەرفـــراوان لەزەوی بۆخۆیـــان دادەبـــڕن. ئەگەر مـــرۆ ســـەیری ئەو راپـــۆرتە رۆژنامەوانییـــانە بکـــات ســـەبارەت بەو مـــامەڵەیەی کە بـــارزانی دەیەوێـــت لەگەڵ سەدام بیکات، پێدەچێت کە شتێکی وەها ئامادەکاریی بۆ بکرێت.
*(The Washington Post,* May 19, 1991.),
ئەوە داوای : لێخیشبوون دەکات، گەڕانەوەی خەڵکی کورد بۆ دێهاتەکانیان ، رەتکردنەوەی ئەو یاسایانەی سزای کوردان دەدات لەپای شەڕکردنیان دژی حکومەت، تێکەڵکردنی پێشمەرگە بەسوپای عێراق.

[50] - ئەوەی جـــێگەی بـــایەخە ئەوەیە کە تەواوی ئەو هەڵســـوڕاوانەی لەهێزەکـــانی هاوپەیمـــانن و گیرفـــانەکە بەڕێـــوەدەبەن بـــریتین لەو خـــاوەن جیـــاوگە نەوتییـــانەی پێشـــوو لەعێـــراق، کە عێـــراق کـــاتی خـــۆی حۆمـــاڵیکردن ، ئەوانیش : ئەمریکا، بریتانیا، فەرەنسا، هۆلەنداو ئیتاڵیایە.

[51] توانرا پاڵپشتیی بۆ ئەم تیۆرە لەواشنگتن پۆستدا بدرۆززریتەوە.
*The Washington Post,* April 1, 1991,
کە سەرکردە کوردەکان باسی گرێبەستێکی هاوسەرگیریی دەکەن کە لە"بەهەشت روویدابێت" یەکێک لەو سەرکردانە بە ئەمریکییەکان دەڵێت :" ئێمە نەوتمان هەیەو دیموکراسیمان دەوێت، ئێوەش دیموکراسیتان هەیە و نەوتتان دەوێت".

[52] - لەو کـــاتەوەی ئەمە نووســـراوە، تورکـــان بەدەقیقـــی ئەوەیـــان کـــردووە، نـــاوچەیەکی جیاکەرەوەیـــان لەســـەر ســـنوور راگەیانـــدووە، کەوتـــوونەتە هێرشـــکردنە ســـەر بـــنکە کوردییەکـــان و چەنـــدەیان لـــی وێرانکـــردوون، وەک دەلـــین گـــوایە، ئەمـــانە لەلایەن پەکەکەوە بەکارهێنراون.

[53] - بــۆ زیــاتر ســەبارەت بەو مــامەڵە تونــدوتیژەی خەڵکــی مســكێن و هەژار بەدەســتی پێشــمەرگە ، بــڕوانە ئەو رووومــاڵە هەواڵەی بــۆ پرۆســەی دابینکردنی ناوچەی ئارام /پرۆڤاید کەمفۆرت کراوە لە :

*The Washington Post,* April 29, 1991 *("pesh merga* prevent Kurds from returning to their homes"); *The Washington Post,* April 30, 1991 ("Marines say guerrillas are pirates, straight out bandits"); and *The Washington Post,* May 1, 1991 ("guerrillas confiscate cars"); also *The New York Times,* April 30, 1991 *("pesh merga* discriminate against Christians").

[54] - هەر لەم رووەوە، سەرنجڕاكێشــــە كە بەراورد بكریـــت لەنێـــوان نـــاوی ئەو هێـــزە كـــوردییەی ســـوڵتان عەبدولحەمیـــد بـــۆ ســـەركوتی ئەرمەنییەكـــان دایمەزرانـــد، لەگەڵ ئەوەی بەعســـییەكان رێكیانخســـتبوو. ســـوارەی حەمیـــدیە بەرامـــبەر بەســـوارەی ســـەلاحەدین، هەردووكیـــان هەر ســـوارەن، دیـــارە كـــوردان بـــۆ دەیەهـــا ســـاڵە لەم بەزم و كـــارانەدا تێـــوەگلاون، ئەگەر بۆ سەدەها ساڵیش نەبێت!!

[55] - بۆزیاتر سەبارەت بەم زنجیرە رووداوانە، بروانە:

C. J**.** Edmonds, *Kurds, Turks and Arabs,* London: Oxford: Clarendon Press, 1925.

UNCLASSIFIED

SECURITY CLASSIFICATION OF THIS PAGE

# REPORT DOCUMENTATION PAGE

Form Approved OMB No. 0704-0188

| | |
|---|---|
| 1a. REPORT SECURITY CLASSIFICATION<br>UNCLASSIFIED | 1b. RESTRICTIVE MARKINGS |
| 2a. SECURITY CLASSIFICATION AUTHORITY | 3. DISTRIBUTION/AVAILABILITY OF REPORT<br>Approved for public release; distribution unlimited. |
| 2b. DECLASSIFICATION/DOWNGRADING SCHEDULE | |
| 4. PERFORMING ORGANIZATION REPORT NUMBER(S)<br>ACN 91026 | 5. MONITORING ORGANIZATION REPORT NUMBER(S) |
| 6a. NAME OF PERFORMING ORGANIZATION<br>Strategic Studies Institute<br>6b. OFFICE SYMBOL (If applicable)<br>AWCI | 7a. NAME OF MONITORING ORGANIZATION |
| 6c. ADDRESS (City, State, and ZIP Code)<br>U.S. Army War College<br>Carlisle Barracks, PA 17013-5050 | 7b. ADDRESS (City, State, and ZIP Code) |
| 8a. NAME OF FUNDING/SPONSORING ORGANIZATION<br>8b. OFFICE SYMBOL (If applicable) | 9. PROCUREMENT INSTRUMENT IDENTIFICATION NUMBER |
| 8c. ADDRESS (City, State, and ZIP Code) | 10. SOURCE OF FUNDING NUMBERS<br>PROGRAM ELEMENT NO. / PROJECT NO. / TASK NO. / WORK UNIT ACCESSION NO. |

11. TITLE (Include Security Classification)
The Kurds and Their Agas: An Assessment of the Situation in Northern Iraq - Unclassified

12. PERSONAL AUTHOR(S)
Pelletiere, Stephen C.

| 13a. TYPE OF REPORT | 13b. TIME COVERED | 14. DATE OF REPORT (Year, Month, Day) | 15. PAGE COUNT |
|---|---|---|---|
| Final | FROM ______ TO ______ | 1991/09/16 | 41 |

16. SUPPLEMENTARY NOTATION

| 17. COSATI CODES | | | 18. SUBJECT TERMS (Continue on reverse if necessary and identify by block number) |
|---|---|---|---|
| FIELD | GROUP | SUB-GROUP | Operation Provide Comfort; Kurds; Kurdistan; Turkey; Iran |
| | | | |
| | | | |

19. ABSTRACT (Continue on reverse if necessary and identify by block number)
In the bloody aftermath of Operation Desert Storm hundreds of thousands of Kurds left their homes in northern Iraq seeking refuge in Turkey and Iran. It fell to the U.S. military to coax them back and protect those who feared for their safety. Operation Provide Comfort has now been succeeded by Provide Comfort II, with the U.S. military still heavily involved. This report documents the recent history of the Kurds, and gives a rundown on the power relations among the various groups in Kurdish society. At the same time, it warns our officers of possible dangers growing out of their mission, and suggests that the overall problem of the Kurds is much more explosive than the benign accounts appearing in the media would lead one to believe.

| | | |
|---|---|---|
| 20. DISTRIBUTION/AVAILABILITY OF ABSTRACT<br>☒ UNCLASSIFIED/UNLIMITED ☐ SAME AS RPT ☐ DTIC USERS | 21. ABSTRACT SECURITY CLASSIFICATION<br>UNCLASSIFIED | |
| 22a. NAME OF RESPONSIBLE INDIVIDUAL<br>Marianne Cowling | 22b. TELEPHONE (Include Area Code)<br>(717)245-3001 | 22c. OFFICE SYMBOL<br>AWCI |

DD Form 1473, JUN 86    Previous editions are obsolete.    SECURITY CLASSIFICATION OF THIS PAGE

UNCLASSIFIED

SSI | Strategic Studies Institute
U.S. Army War College

AD-A242 441

(2)

# THE KURDS AND THEIR *AGAS:* An Assessment of the Situation in Northern Iraq

DTIC
S ELECTE D
NOV 18 1991
D

Stephen C. Pelletiere

This document has been approved for public release and sale; its distribution is unlimited.